٢٧٨

٤٤٤ شەو

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com
للكتب (كوردى ,عربي ,فارسي)

عەبدولوەهاب شوانی

هەولێر - ٢٠٠٨

ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

/https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

٤٤٤ شەو

عبدالوهاب شوانی

هەولێر - ٢٠٠٧

پێشکەشە :

- بەدایکم کە نایەوێ دەرگای شیعر بکەمەوە.
- بە ئازا یوسف کە پەنجەرەی شیعری نیشاندام.
- بەنیشتمان کە ژوورێکی دامێ بۆ شیعر پەروەردەکردن.

وەزارەتی رۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆژنامەنووسی چاپکردن و بلاوکردنەوە

- کتێبی: ٤٤٤ شەو - شیعر
- نووسینیی : عەبدولوەهاب حەمەد ئەحمەد
- چاپ: یەکەم(٢٠٠٨)
- سەرپەرشتی چاپ :فازل عەلی - عیماد مستەفا
- هونەرکاری ناوەرۆک و بەرگ: شێروان فاروق
- لەکتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی (١٢٦٧)سالی ٢٠٠٧ دراوەتێ
- چاپ : بەڕێوەبەرایەتیی چاپخانەی رۆشنبیری/ هەولێر
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- بایی: ٢٥٠٠ دینارە

وێنەی (یەکەم)

وەرە بارۆحمان بکەین بە پەلارو
بۆ نەودیوی مەرگ هەڵبدەین.
شێرو خەتێکی تر بکەین بۆ بەختمان
با، فیکەیەکی تر لێدەین بۆ گەمەی ژیان

تەڵەی نەجەل گرتی و یارانی لەتۆڕنا
ژین پاپۆڕ نەوانی لەدەری پاپۆڕنا
چوار دەورمان گیراوە بەتەڵەی مەرگ
هاکە سبەینێ من و تۆشی لەگۆڕنا

هەر ووشەیەو لەسەر لێوم وا ڕادەکا
دەریای نەشکم کە دڵ گریان دا وادەکا
بێ ئاگا بیرم هەرخول دەخوا بە دنیاو
لەپڕ نەجەل بەرەو گۆڕم ناوادەکا

دوێنێ چنگێ قوڕ بووم لەخاکی ڕەوەکەم
کرایە بەرگیانم بێداربوو خەوەکەم
دەبێ قوڕ پێتوانم لەبەرچی بێ نەمڕۆ
سبەی مشتێ خۆڵبم لەبن پێی نەوەکەم

ماتم بەدەنگی نەو فریشتەیەی دێ و دەم با
دەمە مشتێ خۆڵی پەرش بووی بەردەم با
کەمن زانیم نەجەل بۆلام دێ، هەر دەمگوت:
بریا زووتر تۆبە، شیفای نەم دەردەم با

نەودەم لە چۆڵی ژین، لە ڕاو پۆڕمان دەگڕی
نەمانزانی مەرگ تەڵەو تۆڕمان دەگڕی
گوڵ و گیا لەگڵ و خۆڵمان سەر دەردێنێ
بولبولێ دەخوێنێ و لەسەر گۆڕمان دەگڕی

نێوگۆڕی تەنگ و تار، جێ و شوێنمانە سبەی
گڵ و بەرد لەجێی لێفەو نوێنمانە سبەی
لەگەڵ دنیا دەم لەنێو دەمین ئیمڕۆکە
کرم دەمی لەنێو لاشەو خوێنمانە سبەی

دەوران دەوری جوانە خولانەوەی گەردوون
ڕێگا بۆ کۆتا ماڵ، مردن و ژیان، هەردوون
بۆ بەهای جوانی مرۆیە بوون و نەبوون
داخی چی بخۆم نێستا خۆشەویستان مردوون

یاران لەباوەشی گڵ دەمێکە لەخەودان
شەوە لام، نەوان لەتاریکی دوو شەودان
چ زوو بەزوو بوونە خۆراکی کرم و مار
لەنێو خەوێکی قوڵ بەبێ سەروسەودان

دوو پاشا، شەڕیان بوو لەسەر باڵای جوانێ
نەویان بەمی دەگوت: دوای من مەردی کوانێ
نەیانزانی خودا کارگێڕی گەردوونە
گۆڕی کچە دەبێ بە سەرینی شوانێ

بەهەل هەلەی دنیا وەرن تەماشاکەن
سەیری تابووتی نێو گۆڕی پاشاکەن
دوێنێ هاواری کرد پاشا بەسەرتان
لەهاواری خۆتان بەجارێ حاشاکەن

گوڵی باغان ناز بەسەر درک و داڵ دەکا
بۆیە دڵی سەدان بولبول عەوداڵ دەکا
نەم لاشەی تۆ گوڵە لە نامێزی دنیا
گەر نا بۆ هێندە حەز بە ڕاوی داڵ دەکا

کامە هەنگ لە گوڵی سبەی دڵنیایە
کەشیلەی تاڵاوبێ ژینی نەم دنیایە
نەوەی لەسەر خاکا بەستەو ناوازی خوێند
نەمرۆ ناوازێکی کپەو لە بنیایە

کفن پۆشێ هەڵسا لەنێو گۆڕی ونی
سینەی شەق کرد، دەر چوو لەنێوگڵی بنی
بەڕێبواری زیندووی تەنها ووشەیەک گوت:
دوێنێ وەک تۆ وابووم، سبەی وەکو منی

گۆڕ هەڵکەنان قوڕی کوێ بکەن بەسەردا
کەخۆی قوڕبێ مەگەر سەری خۆی لەبەردا
ڕۆژێ، کە دەبێتەوە چنگێ خۆڵ و تۆز
کفنی نامۆ بەگڵ بۆ دەکەن بەبەردا

لەلایێ شیوەنە، یەکێ پێدەکەنێ
نەمیان دێتە دنیا، ئەو گۆڕ هەڵدەکەنێ
کەسێ سەما دەکا، یەکێ کفنی لایەو
جلی تارو ڕەشی دنیا دادەکەنێ

ئەوەی دوێنێ بەڕووی مردووان پێ کەنی
نەمڕۆکە گۆڕێکی قوڵیان بۆ هەڵکەنی
دوو دەستە خرایە نێو تابووتی مەرگ
وون بوو لەنێو دنیا، گۆڕ بوو بەمەسکەنی

یاران وەرنە دەورم، دواساتی مەرگمە
ئەو کفنە بدرووون، لەگۆڕدا بەرگمە
ئەجەل ئەو تیرەی کە گرتە یاری شۆخم
هەر ئەو تیرە ئەمڕۆ پێکاوی جەرگمە

دوێنێ قەترە ئاوێک، ئیمڕۆ وردە گڵم
بای ئەجەل لوولی دا تەمەنی ئاسا گوڵم
حەقیانە ئێنەلام دۆستان، کە دەبینن
عەشقی تیانەماوە، داڕزاوە دڵم

نامێزی مەلی شین سەوزایی سەر چڵە
سەوداسەری شاهەنگ پەڕی ئاسکی گوڵە
لەم نێوەندە بەس من ئاشقی دنیام و
سپێدەش ڕوونە، کە سینەم لەژێر گڵە

باگوردانێ دێنن لەسەرم دەیگێڕن
هەروەکو بێگانان چاوم تێ دەگێڕن
هێندە نابا دۆستان پشتم لێ دەکەن و
بەرەومالّی دنیا ڕووم لێ وەردەگێڕن

خۆشەویستان شینێ بۆ من دادە بەستن
بە نێسکی مردووان گۆڕم هەڵدەبەستن
بێ سوود دەمگوت: جێم مەهێڵن توخوا یاران
لەسەرگڵی تەڕی نەم گۆڕەم هەڵمەستن

کەمردم هەریەک بەجۆرێ خۆی دەنوێنێ
هەریەک دێ و گوڵێ لەسەر گۆڕم دەڕوێنێ
لە پڕمەی گریانن، منی خەوتووش بێ دەنگ
یەک غەمبار دێ و یاسینم لەسەر دەخوێنێ

لەنێو تابووتی دار ڕووساردو خامۆشم
لەنێو زەردەخەنەی دنیا فەرامۆشم
بەسەر شانان دەمبەن بۆ شاری مردووان
تەنها لەم بەینە من ڕووتی کفن پۆشم

سیمای تەڕی گەنجیم هەروەک گوڵ ژاکا
دوای سەردەمێ جەستەم خرایە ژێرخاکا
جگە لەمشک و مار، یارم نەبوو لە گۆڕ
نەبوو کەس لەدنیابێ و نەشکم بۆ داکا

جلیان هێناو گوتیان: وەسفی لەبن نایە
هاوارم کرد، نەم پۆشاکە لەمن نایە
چوو ڕۆژی هاوسەربوون، نێستا کفنە بەرگم
لەم گۆڕە تارەدا کەسم بەکن نایە

نەی گۆڕی کفن دز بەڕووی تۆوە ڕووتم
لەنێودەمی تۆدا چنگێ پاروو قووتم
یار، کە گیان باڵە فڕکەی ناسمانی کرد
ناگری دنیا بەردە تەخت و تابووتم

گۆڕم بۆیەک دێ، تێک دەشکێنێ نێسقانم
خۆم تێی کەوتم، نەو گۆمەی بۆیار لەقانم
بووە بەمارو نەژدەها لەگەردەنم
نەو تیرەی من لەسەر سنگی یار چەقانم

دەمگوت: کەس تاڵی نەم گەشتەی پێ نەوتووم
سەرم دا لەنەلحەد، نەوسا زانیم خەوتووم
دوور لەباغی پڕ گوڵی خۆشەویستانم
لەم گۆڕە تەنگە وەک پەپولەی ووڕ کەوتووم

ئەمڕۆ لەسەر خاکا، سبەی لەنێو گۆڕم
پەڕەی نێچیرێکی ژێر چڕنوکی تۆڕم
مەرگ ڕاوکاری خۆی بۆ گیانم سازداوە
بەچاوی گومان لە سبەینێ دەنۆڕم

گۆڕ پەرستان دێن و لاشەم کەوردەکەن
لەسەر پەنجەی پاکی شادەم دەوردەکەن
دەکەون شوێن پەپولەی نەخشینی گیانم
تا نەم ناشنای نەو دیوە دنیای هەوردەکەن

پرسی ساقی ناوێ نەجەل پێکی پڕکا
شەهیدی عەشقە دڵ، دەبا پاکی فڕکا
تەنها جارێ نەم پێکە لێک دەدا مردن
لێکی دە مەرگ، تاچاو بنی جام بڕکا

بادەگێڕی نەم کۆڕەیە ساقی دڵم
نەمڕۆ گڵ لەدەستم، سبەی باقی گڵم
پێکی زیکرە لەسەر لێوم کە بێدارم
بەم نوورەوە عەتر ڕێژە تاقی گوڵم

شۆڕی نێو گۆڕیان کردم دنیام لێ شەوبوو
خەوکە بەرپدام، زانیم نەوەی دیم خەوبوو
بەکوڵ گریام بۆ نەو سامانەی دوای مەرگم
کە شەونخونی هەموو دنیام بۆ نەوبوو

چاوی بەستووم خەوێ، دەستی هێن سووکەڵە
لەتاو گەمەی مردن، گیان بۆتە بووکەڵە
شووشەی دڵ شکاوە، بۆیە نە نەی وەک خۆی
نەدەف سەدای، شمشاڵ گەرووی پڕ دووکەڵە

بەمن پێدەکەنن، چونکی پێناکەنم
تامیسکەی غەم لەسەر لێوم هەڵناکەنم
پێکەنین چۆن ڕووم گرێ، ڕووت بۆ گۆڕ دەمبەن
هەر دەبێ جلی نەم دنیایە داکەنم

یادی گۆڕ وەک هەوای پاکی هەناسەمە
لەنێو دنیا شیفای یەکجێی نەم تاسەمە
مان و نەمانی من سەرابێکی وونە
کە ڕوون و گەشبێت بۆ لەگڵ نەم باسەمە

دنیا لەجێگەی خۆی، بەس نێمە نامێنین
تا گۆڕ تەوبە ناکەین، کەوا لە دامێنین
چیان برد لەگەڵ خۆ نەوانەی پێش نێمە
نێمەش وەک نەوان دەڕۆین؛ گەر لەوان ڕامێنین

لاویم چەشنی یاقووت و مرواری و دوڕە
دەماری بازووم توند، دڵ بەتین و گوڕە
هەر نەو لاشە نەرم و جوانەیە سبەینێ
لەژێر خاکا لول دراوی تۆپەڵێ قوڕە

بۆ سبەی ڕۆژێکە مەلی خەیاڵم وێڵە
ئاسمانی دڵ لەنێو گومانی تەم و لێڵە
جەستەم شەنگ و شۆخە بەجلی نێودنیا
سبەی لە گۆڕستان بێ نازو بێ کێڵە

وێنەی (دووەم)

لەناوەوەی خۆم خواناسێک لەگەڵ من دەجوڵێ
ڕۆژ بەرماڵ دەڕێسێ و
شەویش دەو ناودەمی مەی دەنێ

نەو پێکە مەپێکە، لەدەم لادە مەینۆش
ژەهری تفت و تاڵە خۆ نەم بادە مەینۆش
تا مەستی مەرگ نەبووی پەیمانێ بەستە
هۆشی خۆت وەرگرە نابەم وادە مەینۆش

بە بەری بادە نەو بادەی لەجۆی ڕادا
ژەهرەو بەتۆی دەدا، چۆڕەی بەخۆی نادا
نەو پێکە لەسەر لێوت دوورخە، نەو شوشە
تۆ سەرت بانەدا، نەو سەری تۆی بادا

دوو ڕۆژێکە خوێنت کە تێدا دەگەڕێ
لەعیشقی بەدمەستی وەعدو وادە گەڕێ
کە ژینێکی دیکە لەولا چاوەڕێتە
لە ژەهراوی تاڵی مەی و بادە گەڕێ

نەو بۆن و بەرامەی لەتۆدێ لەمەیە
تۆ بەمەی مەسپێرە نامەی نەو گەمەیە
دەستی مەی بشکێنە تا بەڕاستە دەست
لەو دنیا وەرگری زەرفی نەم نامەیە

ساقی گەر بادەی تاڵ و نائڵت بۆ مەیە
مەد هۆش کەی گوتیە: نائینم بۆ مەیە
بێ هۆشی بەدهۆشی تۆ، نەوەندەی گوت: کەوا
بەم ڕەنگاوی مەیە بەرەو ڕووی من مەیە

پێی وابوو ساقی کەشادی لەنەی دایە
دەیگوت: شیرینی گشت دنیا لەمەی دایە
وەرن نێمەش شوشەی وادەمان نەشکێنین
وادەی نەو شەڕابەی خودا بەمەی دایە

دڵێک هات، نارەزووی بەزمی سازو نەی کرد
شیلەو شەکری دەمی بە ژەهراوی مەی کرد
بەترسی دێوەزمەی عەزابەوە ژیا
هەربەم نازارەوە لەنێو دنیا تەی کرد

چ نۆش کەم غەیری مەی بەدەستم نەکەوێ
شەرتبێ نەو بادەیە لەدەستم نەکەوێ
مەینۆش هاوار لە دەستت، منیش باوەک تۆ
باڵەخانەی عەقڵی بەهەستم نەکەوێ

باڵای گوڵە شەنگ لەنێو ڕەگی هێز دایە
سیسە نەو گوڵەی دڕکی لە نامێزدایە
دوور لەباغی گوڵان نەو گوڵەی تەنیا ڕوا
وەک پێکی شکاو لە ناوەندی مێزدایە

دەیویست بەسەر پشتی نەوین دا هەڵگەڕێ
پێم گوت: لە لەیلات و ژەهری با دەگەڕێ
کە، تێگەیی لەیلا دووڕە گیانی سەرخا
گوتیان: مەجنون وایە دوای تۆدا دەگەڕێ

دەڵێن: پول پەرستێ لەم خانە پەیدابوو
بەزەڕەی سەرخۆش و مەی خانە شەیدابوو
کە دەستی سوالێیان دی، تێ گەین هەرچی بوو
بە کەلاکەی کەرو بەدانە سەی دابوو

تۆبەکاران بەتاو کوپە مەی دەڕێژن
بەبێژنگی گریان نەشک و خوێن دەبێژن
گەر ڕاستیان گوتوە: تۆبەی گورگ مەرگە
بەجووتە مەی خۆران لە گۆشە بنێژن

مەیگێڕو مەی خۆران شێتی پێک و بادەن
چۆڕێ مەی تفت و تاڵ بەگشت دنیا نادەن
نەو دەم مرۆ ناسا هۆشیان دێتەوەبەر
کەسەری هورپیان بە بەردی نەلحەد دادەن

لەکوخێ مەی خۆر ڕەنگاوە ڕیشی بەمەی
بۆ عەشقی بادە دەستی دەنێتە خەنەی
پێی وایە گەر شادی لەپێکی شەڕابە
دانیشێ سیر بخوا، با فووکا لەنەی

لەم کۆنە کۆخەمدا هاواری نەی دەکەم
دەف لەدەستم دەگری و بۆحاڵم حەی دەکەم
گەر بگا بەلێوم زەم زەم قەترەیەکی
سەد تفت لە دەفری شەڕاب و مەی دەکەم

وێنەی (سێ یەک)

پیاوە ژەهر ڕژێنەکە
جوزەرەی تۆ بەس بۆ ئەوەنیە
بەژنەوە بدەیت
ژیان جووت بوونی دووکۆتر نیە بەس

پرسیاری ناگرین مەپرسە لەزانا
بەنەزان خۆی دانا لەڕووی دۆزەخ دانا
نەزانێکی ڕەش و ڕووت هەر نەوەندەی گوت:
نەوکەسە دانابوو، خۆی بۆ بەهەشت دانا

نەندێشەی زانایان لە گڕ ڕاوی کەوبا
دەبا هۆشیاری وان، لەنێو تڵپەی خەوبا
کە نەڵقە سپێدەم دی لەپەنجەی سووریان
گوتم: بریا هەموو ڕۆژێکم هەر شەوبا

هەرچی داناو زانابوو دەرچوو بەنەزان
نەزانی زاناش خەتی ناوەزی بەزان
شیتەڵی پەلکە داریکی وەریوم کرد
بوو بەبیردۆزی گەڵاو گوڵی نێو ڕەزان

لەداخ زانایان گەڕامەوە نێو نەشکەوت
چاوم بەتەونی جاڵۆکەو نەسپێ و مێش کەوت
کە دەستم خستە دەستی دێو و درندە
نەوسا نەندێشەم تیژو ناوەزەم پێش کەوت

لەم کورتە ژینەی خۆم لەهیچێ تێ ناگەم
هەرچی هەوڵی بۆدەم مەحاڵە پێ ناگەم
بەنێو هەسارەی بۆشایی واخول دەخۆم
کەچی تا نەودەمە لە نەلف و بێ ناگەم

لەم قاڕە قەل بەقەل نێژێ هەی ڕووسیا
قەل قڕانە، یاخۆقەل قڕین نەوەی نووسیا
سااڵ سەرپا بۆ قەاڵن وەرزی قات و قڕە
بەباڵە فرکەیەک ناگا بە ڕووسیا

لەڕوو ناوێنەی ژین هەم ڕیش، هەم تراشین
دۆزی پینەو داوین، هەمدیس ڕۆخە کراشین
لەبانی خیانەت بانگی حەقمانە، کەچی
عەبا ڕەشی شەوین، هەم چاوی چراشین

هەندێ هەن لەڕوویەک، لەناخەوە دوو ڕوون
تفت و تاڵن لەزار، وەکو ناوکە بەڕوون
دەستێکیان سااڵوە، نەوی تریان مستە
خۆپەرستن، بۆیە لەڕووماڵن ڕوو بەڕوون

شەڕکەرێ بۆ پرسی وەاڵمێ توند چەسپی
سوار بۆ کەوان دەگرێ و زین دەخاتە نەسپی
بۆ خەاڵتانی خوێنی پەڕوباڵی ژینە
نەمەبوو گوتەی کۆترێکی دڵ سپی

گەرەکیانە ماسی لەدەریای ژینم کەن
بەشۆفاری بەکۆ، لە دڵی زینم کەن
نەی پەپوڵەی نووری باغی خوا، چارەیەک
نەوەک نەم درکانە لەگوڵی دینم کەن

مەلی زەنم بەلول پێچی دەوران دەکا
لەزەوی بێزارەو تاسەی هەوران دەکا
بە پەڕوبالی وردو ساوای بەم زووە
بەرەو ئاسمان بالەخشێنی گەوران دەکا

ئەژنۆم شل بوو لەنێو سوچی نابەدڵی
دڵ داخرا دەیگوت: کلیل کا بەدڵی
ئەو دەمە دەبێ چ زارێکی پێوەبێ
کە هەوالی حەپسی منی دا بە دڵی

بەهەڵۆی گوت: ئەم قەڵەڕەشەم بۆ کڕکە
نێوگەرووی لەت لەت و سەری گێژو وڕکە
ئەو دەقڕی کەچی من بولبولی خۆش خوانی باغم
دەنوک بۆ هەر سووڕە گوڵێ دەبەم درکە

گیانی نێو بەهارێ لەڕەگ و ڕیشەمە
قەدی ئەم درەختە، پەنای هەمیشەمە
ئەم زەمەنە پیاوێکی کۆسەیە بۆمان
بۆیە من دەست لەنێو نووری ئەم ڕیشەمە

دڵی نادەمێکم دەوێ دەم دەم نەبێ
لەبەردەم دەم شڕان کڕو بێ دەم نەبێ
دەمی دەم دڕێژان ببەستێ هەر بەدەم
لەگەڵ دەمی کەم دەم، دەمێ هاودەم نەبێ

بەشانەی مەحاڵ دەبێ زوڵفت دابینی
پەرچەمت لەگەڵ بای دوو سەرە ڕابینی
باو باپیران لەمێژە گوتیانە:
تا جەفا نەبینی، قەت سەفا نابینی

بابە، با، بەیادی تۆوە دڵم خۆش کەم
با، بە بادەم هەموو دنیا فەرامۆش کەم
لای نیگارکێش گەڕام، بەوێنەش تۆم نەدی
بابە، بە، با بڵێ: من چۆن یادی تۆش کەم

ڕێناس بووم هەرکە ڕێی کەندەلانم خستە پێشم
پێوانەی بڕوام کرد، دابەزیبوو کێشم
هەرکە حەوتەوانەی ڕێی بەختم لێ وون بوو
لەم دووڕە دەستە خەرام کرد چەقی ڕێشم

شوانێ بەبلوێری مێگەلی ڕادەدا
بەرخێکی چووبادەر، بەردی پێ دادەدا
کوا شوانی بلوێر ژەن بەردانم تێ بگرێ؟
بڵێن: دڵ خەریکە وا لەڕەو لادەدا

قردێلەی هەڵداو بۆمی ڕەهاکرد کەزی
لەدەمی نام میوەی کاڵی باغ و ڕەزی
پشتێنی تاک پەرستیم حەوت گرێ و قەف بوو
نەو کەهات دۆخینی عەشق و بڕوام بەزی

نانی نەمرۆکەت بوو، پشت گوێ خە، هی سبەی
پێوان ناکرێ ناوی ڕوو باران بەڕوبەی
سامانەت نەغجامی چوون و جێ هێشتنە
گرنگ بۆ نەو دنیا لەگەڵ خۆتا چ بەی

پارە چڵکی دەستە، بۆ لەپی گشت دەستێ
نەمرۆ لات خەوتووە سبەی لێت هەڵدەستێ
بشۆرە پاک دەستت بە ناوی قەناعەت
نە، وەک قارووون ڕۆچی بەنێو قوڕە خەستێ

بێ دەنگیم هاوارێکە دنیا کڕدەکا
فرمێسکی شەوانی من دەریا سڕدەکا
سەوزەڵانی چڕم بۆ پایزی نێرە
هەنگاوم شەپۆلێکە، سەحرا پڕدەکا

هاوارم گڕە، دڵی دەریا شەق دەکا
بورکانی بڕوام ڕەگی چیا لەق دەکا
لافاوی بڕوام ڕەگی چیا لەق دەکا
زارم ڕووی خۆرەو نێکۆشان بۆ حەق دەکا

بەدڵێکی پڕ ناخ، نازانم چۆن بدوێم
مەلی خەیاڵم وێڵەو منیش بەدوایا دێم
کە ماتم، وانێنەگەی، لەحەق ترسام
بۆیە بێ دەنگم، تا وشەی توندتر بڵێم

شەکەت بارم، گەرچی ناچم لەم بارەدا
بەس حەرفێ دێتە دەر لەنێو نەم زارەدا
کە خور چاوی دنیای لێک نا، سێبەر نەما
بۆیە درەنگانێ پشتم بەم دارەدا

نەو مەلەی جێی هێشتم، پەڕی هێن نابووتە
گوتی: باڵی مەلت نەهەبووەو نەبووتە
ڕەشەبا هەڵیکرد، بۆیە نە دڵ کەیفی
نە ڕۆح سەفای، دەنگم لاشەی نێو تابووتە

تفری هەنسکی بردم، لق و پەڕی گوڵ
کانی بەختەوەریم، هاتەوە جوڵەجوڵ
باسکە مەلەی دوای ماسیم کرد، هێندەم زانی
مرواری منی برد بۆ بنی دەریای قوڵ

بچمەوە نێو دەریای سۆزی بابە نادەم
مرواری باوەڕم بەهیچ شتێ نادەم
ژیان مەلەیەکەو دەبێ فێری ببم
تا لافاوی مەرگ لەبەردەمم ڕادەم

گەرچی مەلی لە نومێدم لەباغان پەروازە
لوتکەی ناوات گەرچی لێو خەندەی پڕنازە
چیبکەم؟ کە هەستی دنیام داخورپاوە
مەرگ وا بە دوامەو سەدای یەک ناوازە

بەشوێن بولبولێ ڕام کرد، سەرم هەڵبڕی
بە بەردەمم قازو قوڵینک و مەل فڕی
پەپولە گوتی: ڕەوە قەل هاتن، برۆ
بۆ گیانی وردی نێمە، دیسان قەل قڕی

وێنەی (جوانەمەرگ)

دەبێ هێندەی تەمەنی پەپولەیەک
ژیان بەهەند وەرگرین و
بەقەدەرای عومری کیسەڵێکی دنیا دیتە
لەمردن بیر بکەینەوە

پەڕیوە بازووم، دڵ بەتین و گۆڕم
سبەی دەمرم، دەکەومە دەست نەوەی کوڕم
بووکەڵەو نەسپ لەکڵم دەنەخشێنن
دەبینم لەنێو دەستیان تۆپەڵێ قوڕم

دەستی مەرگ لەژێر دەماری گەردنم
با بەڕۆنی هەناسە هێنان و بردنم
لەگەڵ دەستەی یاران قاقازۆر پێکەنیم
وا نەمڕۆش من پەڵە قاژەی گیان دەرکردنم

قەڵی مەرگ بەسەر شانما نیشت و قڕی
شادەماری ژینی لەنێو ملما بڕی
ڕەوە داڵ چاویان لەکالا نەم دەرهێناو
مەڵی گیان لەقەفەسی سینەما فڕی

کارمامزی ژینم، مردن دەکا کەوری
وەکو دەفی دەف گێڕێ، دەمگێڕێ بەدەوری
چوار پەڵم دەبەستێ و پەڵی ژینم دەخا
دەنێتە سەر تاری گەرووم دەمی تەوری

پەنجەی مردووی دەفگێڕ لەخەوما هەڵدەستێ
بە نەڵقەی دەفی پڵ و پەنجەم دەبەستێ
پێستی سینەم دەکا بە پەردەی دەفێک و
بەدەورم دەخولێ و شینم بۆ داوە بەستێ

تەمەن لەنێو دەمی بێژینگێ جێی هێشتم
ئاشەوانی مەرگ منی دی، یەک مشتم
فەریکە گەنێکی بێ زیوان بوو عومرم
مردن ئاردی بێشتم و کەپەکی ڕشتم

هەموو دەم گوێ قوڵاغ، چاوەڕێی مەرگم
نازانم، کفن کەی دەبێتە بەرگم
بەڵام ڕوونە، بەرەو حەشرێ هەنگاو دەنێنم
بۆ تیری دنیا باقەڵغانێ بێ جەرگم

دەنگێ بانگی کردم ئاشناتر لەدەنگم
بەسەر زەوی کەوتم، زەر داگەڕا ڕەنگم
دەستی بەگەروومدابردوو گیانی بردم
تەنیا جێما لاشەی شل و لۆق و لەنگم

شەپۆلێ خستمیە پەتی قەنارەوە
منی قوت دا بەترۆپک و بنارەوە
بەدوای شەپۆڵ کەوتن بەس کراسێ جێما
دوای مەرگم گێربوو بەدار چنارەوە

سروشتی ژین بوو، وەری گەڵای نێو ڕەزان
بەهار چاوی لێک ناو لەدایک بوو خەزان
مردن بەشیوەن هات و گیانی منی گرت
لێو لەخەندە، گیان لەجەستە، لێک ترازان

فریشتەیەک لە ئاسمان دێ و ڕووم تێ دەکا
جووتێ کەوشی نەو سەفەرەم لەپێ دەکا
هاوار دەکەم، کەوشی مردن بەپێم تەنگە
کەچی سەفەری بەرزەخم هەرپێ دەکا

گەرچی هاژەی بەگوڕو شنەبای سەحەر
شێت و عەوداڵی ئاسۆی ڕوونە بێتەدەر
کە دەرکەوت بەیانێکی تازە، لەسەرخۆ
دێت و هەواڵی مەرگم دەهێنێتە سەر

مردن دەیگوت: هاتووم ئاسکی ڕۆحت ڕاوکەم
ڕەگی نەم تەمەنە سەوزەت بن بڕاوکەم
پێکەنیم، مەرگ سەرەتای نەم ڕێگەیە
دەبێ جەهەنەمی نەم ژینە پڕ ئاوکەم

لەژێر ساباتی پڕی نەرشیفی خەیاڵ
بەرەو متبوونێ نەمشەو، دامە شەقەی باڵ
دیم شیرینی گێڕان بوو، لەم شەڕە نوقڵە
کەوتە نێو دەمم نوقڵی مەرگی تفت و تاڵ

دیلی هەواو مەیلی نەم دڵە بەردەم بووم
لەدنیا تاتوانیم بەڕێ ی نەم دەردەم چووم
نێستا کە پەککەوتەی نێو جێگای مەرگم من
داخم بۆ دڵ تووشی ژەهری نێو سەردەم بووم

بەزم و سەیران بێ ژین، یا نەسرین هەر دەڕۆم
لەدەنگ بم، یا سەرلە سەرسەرین هەر دەڕۆم
مەتەڵێکە چوونم، خۆشم لێی تێ ناگەم
لەدەمی خونچەبم، یاوەرین، هەر دەڕۆم

دوای کۆچی نازیزان کۆچ و مەرگی منە
کفنی زەردبووی دۆستم سبەی بەرگی منە
بۆ نەگریم؟ دوێنێکە قاقا پێدەکەنین
سبەش تیری ئەجەل بۆ نێو جەرگی منە

دوا نەفەسی شەو لەسەر تاتەی کڕنۆشی
جەستەی من دواهەمین چێژی مەرگی نۆشی
هەرچەندی کرد، لاشەم بەجێما لە دنیا
خاک والابوو، نەمیش خۆی خستە کۆشی

هاموشۆی ڕۆژوشەو، بۆم دەنوکی هەڵۆن
هەمیشە سەرپەنجەی عومری کورتم دەخۆن
کێ دەڵێ: دەبینم دنیا، کەمێکی تر
کەدەست و پێم لەبن دەستی مردن کەمۆن

پەتی سێدارەی خۆت مەخەرە گەردنم
خۆم هاڕاوەی نێوان دوو کێلی مردنم
نەی دنیا بۆچ هێندە لە مەرگم دەگەڕێی
کە جەنەت خەڵاتە بۆ گیان دەرکردنم

بەخودا چۆن بڵێم، دڵ سەرە ڕۆنەبێ
نەبووە خورپەی شیوەن و بابەڕۆنەبێ
کەهات وادەی مەرگم، چۆن بێژم خوداگیان
نۆرەی گیان کێشانم بەس با نەمڕۆنەبێ؟

نەجەل بێ، گیانی من بۆ مەرگ تاو دەدا
ملی ڕێگا دەگرێ، وەک تیر تاودەدا
دنیای سەر تەم گرتوو تەنیا جێ دەهێڵێ
سەر لەکۆتا مانی ژێر خۆرەتاو دەدا

گەنێکی چابین، بەر لەوەی مەرگ کارگەی
بمان هارێ و لولان دا بۆ بنەو بارگەی
گەر نانێکی شیرن دەرچووین، لە بەهەشتیش
بۆلای یار تێ دەسوڕێینەوە هەوارگەی

شەو یا ڕۆژ بەندەیێ لەهەر کێدابێ
جەردەی دنیا بەدوای بۆ مەرگی لە ڕێدابێ
خەیاڵی نەگریسە پلانی مەرگی نەو
کەژین و مردنی خودا خۆی پێدابێ

دنیا نێمەی تێدا وەک بڵقی سەر ئاو
بۆ مرۆ نامێنێ مەزنی، کە هەرناوە
شەونخونی نێمە بۆ دنیایە، داخم
مەرگ سەدانی وەک نێمەی بەدەرناوە

کەمانگی ڕووخسارت تریفەی نەهاتێ
باڵەفڕکەی گیان لە پڕێکا نەتگاتێ
سبەینێ دەنگێکی نەفسوناوی دێ
ملوانکەی مردن و سەفەرت نەداتێ

یار لەدنیا بەشوێن پەپولەو گوڵ وێڵە
دیارە نەیزانیوە مالّی لەتەک کێڵە
مردن قاقا خەنی، هەرکە گوتی: توخوا
لە پایزی پیری بەهار جێم مەهێڵە

ڕۆژێ چیرۆکی نەم ژینە دەبڕیتەوە
مەرگ گیانی یەک بەیەکمان دەکڕێتەوە
یەکەم نەفخی سوور لێ دەدرێ، نەم فودانە
کات ڕادەگرێ و نەخشەی جیهان دەسڕێتەوە

مەلی ژین و مردن، تەمەن خاوەن دووباڵ
ژیان تیلەی چاوێکە، تۆ چیتە لە خەیاڵ
نەیەک لەحزە تەمەن دەگەڕێتەوە دوا
نەبۆ مرۆ نەم دنیایە دەبێ بەماڵ

سەرت بەرز مەگرە، کە ژێرمان پڕ نیسکە
بەش دابەشی دواتە پاوەن و پڕیسکە
ئەوەی دنیای دۆڕاند لە حەشرێش حەشریەتی
نالّین و نرکەیە، بەشی هەر فرمێسکە

لەوانەی چوون، دوو هێندەیە نەوانەی دێن
دێن و دەچن، نازانن کە ڕەوانەی کێن
بەرەو دیوی پەنهان و چوون و فەنابوونە
هەرچی کەچوو، نەوەی هات و بەوانەی دێن

بولبولێ بۆ نێو شکۆفەی وەریوگریا
لەم بەهارە مەرگی تۆم نەدیبا بریا
دەترسم زوو بەزوو منیش سەرنێمەوە
نەشکی هەورێ داکاو بۆ کۆچم بێتە دەریا

دەمی دنیا وێستان هەرگاڵتەو گەپ دەکا
لەسەرپەتی دوودڵی ڕاست و چەپ دەکا
تاکو دەمی مردن سەرێکە و سەد سەودا
بەگیانی هەزارو سەد دەست و لەپ دەکا

دڵ پەستیت ببەستە، دەگیان و دڵ گەش کە
بەیارو نەیاران ڕەیحان و گوڵ بەش کە
غەم بۆ مردن مەخۆ، کە ژیانێکی کەش دێ
چاوی پێکەنینت بەلێوی کل ڕەش کە

کوڕی کفنم سا، لە لێو مەرگ ماچێ
کەهاتە ژووانم بالە نێو بەرگ لاچێ
پەکم بخا لەنێو پێخەفی گیانەڵاو
تەزووی نامێزی نەو بەنێوجەرگ داچێ

یارانی تەریقەت دەوەرن کۆڕێ سازکەین
وا وەیلامان لەنێو گەرووی یەک ناوازکەین
بەرلەوەی لاڵ و کەڕی ژێرگۆڕی خەوبین
زارمان لەنێو دەمی بێ دەنگی دەربازکەین

وێنەی (پێنجەم)

نەوەی لێرە دەمێنێتەوە
پیاسەیەکە لەبەر دەرگای یادی تۆوە
تاسەرە کۆڵانی نوستن

شەمم بینی گوتم: خۆزگە پەروانەبام
بەد مەستم دی گوتم: بریا دیوانەبام
نالەی عاشقێ کە هاتە نێو گوێم گوتم:
خۆزگە من حەرفێکی سەر نەولێوانەبام

یەک حەرفی سەر نەو لێوانەبام چ دەبوو
بەس جارێ بۆ ڕووت دێوانەبام چ دەبوو
ڕووت و ڕەجا وەلی کەوتە دەشت، بەدوای شەم
منیش جارێ لەم کێوانە بام چ دەبوو

چ دەبێ شەوێ گەر بێی سەرێ لەمن بەی
لەم دەریایە پێکێ فرمێسکم لەکن بەی
کەی دەبێ دەرم بێنی لەباوەش دنیاو
دنیای پڕ لە ناهو حەسرەتم لەبن بەی

دڵم با، لە گەرمەی دیوانی دنیابێ
نەڵقەی نەشقی لەگەڵ یارانی لێک نابێ
من تۆم نەبێ، هێشتا غەریبەم، کێم هەیە؟
حەقمە بەبێ تۆ خۆم بێ تاک و تەنیابێ

پەپولە لەسەر گوڵ من لەسەر بەرماڵ دام
تا، یارم دێتەوە لەبەر دەرگای ماڵ دام
هەر کەیار هاتەوە لەگەڵ قافڵەی گوتم:
چاو، دوور لەنووری تۆ نێستا لە چ حاڵ دام

پێی گوتم: یارم بوو با گوڵ دیاری نەکەم
یار گوتی: بۆ یە چووم تاغەم باری نەکەم
لەقوماری نەم نەوینە دۆڕاوەدا
یاران بێژن، چۆن یاری بەیاری نەکەم؟

شەمشاڵ گەروومی گرت و منی دا بەدەف
یاران نەڵقەی دڵیان بەستم لەڕووی هەدەف
زیخ بووم، هێندەم زانی تروسکەم لێ هەڵسا
بوومە مرواری و چوومە نێودڵی سەدەف

نەیارانم هاتن، زنجیر لەقاچم کەن
یاران ناسا، لەپێش مەسیح لەخاچم کەن
لەڕێی گەلە، نەم لەخاچ دانەی من
یاران پێش تفی نەیاران، وەرن ماچم کەن

دڵ بەکەیفە دەست لەنێو سینەی نزابێ
دەم لەنێو دەمی نەم زیکرەم دا خزابێ
دەرۆیش دڵم بخەرە سەما بەم دەفە
بەرلەوەی لاشەم لەنێوگۆڕدا ڕزابێ

دڵ کەڕەت بوون بەلای گۆشە، پەرێشان بوو
بینی، سۆفی لەنێو نزا هەڵکێشان بوو
گۆشەی زیکرو ڕووگەی خەڵوەتی بەرنەدا
تالە سەرەمەرگی لیقاو گیان کێشان بوو

وەک دەف هاتۆتە جۆش نەڵقەی دڵم قەف قەف
ناهم بە بادەدا، وێنەی بڵقی سەرکەف
بۆ مەبەستی خەوی نێو گۆڕی یاران دەبێ
گەروم بێتە شمشاڵ، سینەم بکەمە دەف

نەکا دوور لە جەلسەی نوور من دێوانە نەبم
کەمرۆ مێوان بێ، یەک لەو مێوانەبم
من بەهارم نەوێ، دەبێ، هەر چوار وەرزە
بەدەوری خۆم لەگڵ نەم قوڕ پێوانەبم

سینەم دەفە بەدەست هەیوڵای دەرۆێشان
وان لەگەرمەی مەستی، من ماندوو و پەرێشان
نەڵقە دڵم دەپچڕێ، بەم حاڵە
سەرلەنوێ گڕەگرێ و دڵ دێتەوە نێشان

خەڵوەت کێش لەعەشقی پڕم ماشەڵاکە
دەرگەی نووری خوایی، لەسەرمن واڵاکە
خوا تەنها دڵێکی کردە خەڵاتی تۆ
دە نەسپی دوو دڵیت خێرا بەڕەڵاکە

زاهیدێکی گۆشەگیری نەم دینەمە
ناوی خوا وەک هەوا، وا لەنێو سینەمە
بەرنادەم بۆتاوێ ڕوو لە ڕووگەی پاکم
عشقێکی دڵ پڕی نەم نەوینەمە

دێته گوێچکەم نالەی عەشقی دەرویشانە
لەنێوحاڵی ناهو نزاهەڵکێشانە
لەگەڵیا من دەبمە نەشکی دیدەی زیکرێ
چەشمی بێ نەم، تانەی چاوی نەخۆشانە

دەدرەوشێ هەروەک زیو، نووری نیگاهی من
تۆراوە تاریکی لەڕووی سیاهی من
دڵ لە نەشکی تەڕی منالی گەشترە
چونکی، خەڵوەت بۆتە دیوی پەناهی من

لەم خەڵوەت خانەیە شادیم چرۆدەکا
لەگەڵ دڵ تەنگاندا دڵم گرۆدەکا
نەوەی ناگری دی لە ناسمانی دیدەم
یا لە هەورم کوێرە، یاخود درۆدەکا

کورەی دڵم جۆشم دەدا لەم خەوەدا
چۆن پشکۆی خەو دێتەوچاوم لەم شەوەدا
نووری خودام دی، باخەویش بێ، ناخەوم
تاکو دڵ باڵ بگرێ، لەگەڵ نەم ڕەوەدا

کەنزا ڕادەخەم لەفەزای نیگارم
دادەچەمێمەوە بۆ پەروەردگارم
لەسوچێ نووری خوا دەچۆڕێ لە باڵام
وەک بووکی ڕازاوەی، بن دەستی شەوگارم

گەر بێ و خۆم بەفیدای شەوی شەوگاران کەم
دەبێ هەر چوار وەرزە، من نەشکە باران کەم
کە لەدنیا ناو و نەدرێسم پێ نەبوو
چۆن چاوەڕێی لیقای شیرینی یاران کەم؟

هەر دڵەو پەککەوتەی بەرمالّی دەردێکە
هەر دەردەو دەف گێڕی سەرحالّی سەردێکە
ئینجا دوای نەو هەموو دەف کوتانە، زانیم
هەر نووری شەوقی ڕووی بەرمالّی مەردێکە

نەڵقەی دڵم نێکەڵ بەتەلی ساز دەبێ
بۆ حالّی بێ حالّی سەرمەستان سازدەبێ
بێ نوزەی نەی و شین و شەپۆڕی شمشالّ
لەدنیا نەو دڵەی من، چۆن دەرباز دەبێ؟

کۆرپەی دڵم، داوای دولبەر دەکا
درکی سینەم لەسوێی دڵ سووڕگوڵ دەردەکا
یار تیرێکی گرتە شوێن کۆ نەبرینم
گیان خەریکە نەو تیرە لەدڵ دەردەکا

لەگۆشەیەک لەتێ نان و قومێ شەونم
نازیزەکەم تریفەی ڕووی بێتەخەونم
ڕستەیەک پڕ قەزوانی نوور دەستم بگرێ
پێم وایە من سەردەستەی مەخلۆقی کەونم

سەرم تەختی خاکەو سینەم لەسەر قۆڵە
ئەژنۆم نوشتاو، پەنجەم لەنێوپر چی خۆڵە
زار لەنێو دەمی زیکرو دەست لەنێو نزا
بەم شەوە من چنگێ نوورم لەنێو کۆڵە

سەرەڕۆییم لەنێو هەوەس پەتکی کردم
تکەی جەرگم سوورکرد، تک بەتکی کردم
هێندەم زانی هەوەس بوو بەجەلادێک و
لەپێش چاوی یارو دۆستان هەتکی کردم

بینای بیناییم هەرنەما، لەتاوانا
خۆی بەگڕی غەم سوتاند، لە تاوانا
پرسی تانەی تاوان کرا، گوتیان: چارەی
گیراوەی پڕوشکی نووری هەتاوانا

وەرن کەشکۆڵ پڕکەین بۆڕێ وەکو جاران
لەکونجی تار، جێم مەهێلن نیدی یاران
چەشنی لەخۆدانی دەف و شینی شمشاڵ
گەروم دەگری بۆماچی نێودەمی باران

دەرویشی سەرسوک زریکانی، هەر ئاوا
بوو بەهەڵم وەکو بڵقێ بەسەر ئاوا
قافڵەی مەلان هەرکە گەڕانەوە گوتیان:
دیمان لەنێو زەردو سووری ڕووی خۆرئاوا

دواین شەوە، نەمشەو با پەڕی کوڵ ڕاخەین
والاکەین پەردەی نوور، دەرگای ترس داخەین
ڕێبواری بانگ دەداو کەس دەنگی نابیستێ
دووری نەو بانگەبوو، نێستاکە بەوداخەین

بەس نەمشەومان ماوە یاران، وەرن کۆبین
گەردو خۆڵەمێشی سووتان و بۆن سۆبین
با ناگر لەگیان و دڵمان بەردەین نەمشەو
نەکا لەنێو دۆزەخ سووتی بابەڕۆبین

یاران با کوڕێ بەستین لە نامێزی شەو
لادەینە لای مانگ و دەرچین لە ڕیزی شەو
پێکمان بە نەشکی پەشیمانی بشۆین و
گوڵ و ڕەیحانە دانێین لەسەر مێزی شەو

لەم سەفەرە نێمەش با بەرکەوین نەمشەو
لەپاڵ گڕی نەستێرە سەرکەوین نەمشەو
تەمی هەوران ببڕین و لەتەک تریفەی
مانگی لەت بووی تاقانە دەرکەوین نەمشەو

یاران وەرن دواین شەوی زێڕانە شەو
کۆڕی گەرم و مەجلیسی یەک پێڕانەشەو
نەڵقەی دڵتان کۆکەنەوە لەم حزوورە
نااڵەی سەرپەنجەی گەرمی دەف گێڕانە شەو

پەروانەی دڵ بەڕووی نوور عەوداڵە نەم شەو
دەف سینگی خۆی دەکوتێ و بێ حاڵە نەم شەو
لەم کوخبە درەوشاوە شیوەنی نەی و
سەردولکەی گەرمی گەروی شەمشاڵە نەم شەو

یاران دێن و دەست لەنێو دەستانە نەم شەو
دوا کۆڕی دیوانی دڵ خەستانە نەم شەو
لەبن لێفەی نەم خەوە قوولە دەهەڵسن
ڕاژانی نەڵقەی تۆندی مەستانە نەم شەو

نەم مۆمە دەوری پڕ لەگۆڵ و چیمەنە
کۆڕی گەرمی عاشقانە نەم دیمەنە
لەم سەفەرە کورتە پێچ و دەوران دەوری
بەردی ڕەش و بەردبارانی نەهریمەنە

کۆترەکانی دڵم لەم کۆخە کەوینە
دەم هەژێنێ حەشامەتی نەم نەوینە
گەدا پێخواس، پاشا بەخەزێنەو دوڕی
پێکڕاو پێ پەت، لەکڕنۆشا سەرنەوینە

قافڵەی یاران ڕێیان کرد، بۆ ڕووگەی خوایی
فانۆسی دوعا هەڵکەن بۆ دڵ نەوایی
سەفەرێکەو یەکجار، دێت و دەبڕێتەوە
با کەشکۆڵ پڕ کەین بۆ گەرمی ڕۆژی دوایی

گەرووم پڕ گریەو شنەبای بەیتول حەرام
خوێنی یار لە تانیف، بۆتە بۆن و بەرام
زەمان بۆیە لاڵ و دڵ بۆیە شێت بووە
گۆڕی تۆی دیوە نەمڕۆ گەیشتە مەرام

لەمیحراب، نەشکی یاران بۆتە نەرمە تۆز
مەقامی ئیبراهیم، بۆتە کانیاوی سۆز
وەک پەپولەی باڵ سوک سەفاو مەروادەکا
ڕۆحم لە ئاسمانی خۆڵ و خاکی پیرۆز

یاری خوا، دەبێ بۆیاری خۆی نیش کا
نەوەک لەنێو گۆشە بەس خزمەتی ڕیش کا
لاشەت کەبابی دەمی مەرگە هەردەبێ
دڵت چاوەڕوانی داخ و جزەی شیش کا

نەم شەو پڕ هەنسک و پڕ زیکرو تەهلیلەم
بۆ سەفەری یاران، گیانی نەم دەلیلەم
نەم شەوە ڕووگەی نەم عەشقە پیرۆزە بۆتە
نووری گەشاوەی بینایی نێو بیلەم

باڵی دەبەستم باغ، ڕوو لەهەڕەشەبام
نێستا کەچی پەڕو باڵی دەم ڕەشەبام
نەودەم بەس هەنگ، دەسی دەخستە نێو دەمم
گەرشیلەی نێوزاری نەم گوڵە گەشەبام

دیوانه لەکێوێ گوتی: موغان منم
هەگبەت تۆندکەو ڕووت و ڕەجا وەرەکنم
عومرێ سوتام بە ناگری خەیاڵی شەم
نەم زانی لەنێو عاشقان، بەس من ونم

دەفێری عەشقم کە، کە بەموغان گوتم:
پێی وابوو گەڵبێ لەسەر بازووم هەڵگوتم
شەلاڵی بەست خوێنم، بەتیری نەم عەشقە
کەچی موغان چێژی نەم عەشقەی هەرپێ نەگوتم

عاشقێ لەزیندانی غەم زۆر گریابوو
یاری تاجی عەشقێکی کەی لەسەریابوو
دەبێ نەم خەڵوەتگایە چی کرد بێ بۆم
من تۆێنووی قەترەیەک، عەشقی خوا دەریابوو

دەیگوت، لەیلا هاتی، نەوسا خۆرم هەڵدێ
دەنگی نەی و چۆڕەی مەی و بۆنی گوڵ دێ
کە تاری پچڕا، نەی، هەڵوەری پەڕاوی گوڵ
مەجنون زانی عەشقی خوای لەنێو دڵ دێ

پەپوولەت دیوە بۆ گوڵ نااڵە نااڵ دەکا
شۆخێ بۆ دولبەری نێودڵی چاڵ دەکا
چۆن دەگا بەهەوری ژێرناسمانی عەشق
نەو باڵندە کۆچەریەی پەڕوباڵ دەکا

دوورگەیەکی ووشکی نێودڵی ڕووبارم
شین دەبم، زەرد دادەگەڕێم بۆ نازارم
بم شۆڕەوە بە شەپۆڵی سۆزت دەریا
دوور لەکوڵم و لێوت زۆر بێ زارم

بەجێ پێی سۆراغی عەشقێکەوە وێڵم
خاکی پڕ بەپیتی نەوینێ دەکێڵم
لامە قیبلەنووما، بەسەر پشتی دنیا
دەڕۆم و ڕابردووی تاڵم جێدەهێڵم

نەمشەو بۆ بخەوم، کەبۆم تاکە هەلبێ
تاسبەی دوورە، نەم شەو دەبێ خۆر هەڵبێ
ناسمانم بێ تابڵوو سەمای نەستێرانە
دەبێ شەو تریفەی ڕووی مانگی لەگەڵبێ

تۆ بەڕوو دەخەنی، من وا بە دڵ دەگریم
تۆ لەداخی درکێ، من وا بۆ گوڵ دەگریم
تۆ لە ناهی پایز زەردو لاواز کەووی
بۆ بەهاری بێ مەل من لە سەرچڵ دەگریم

چیت پێ بڵێم: کەتۆ لەمن یاخی تری
من لناخت تۆش لەهەزار ناخی تری
عەشقی دنیا وایە دولبەری هاوگڵم
دەنا تۆش لەم بەینە بۆ من داخی تر

پووشی دانەناوە، نەگومان نەشکێ
بۆیە لەم هێلانە ووشکە دڵم دەشکێ
بۆ ڕووی نەم عەشقە کوێرەم دەست دەکوتم:
بڵێن: چاوم ڕوون کاتەوە قەترە نەشکێ

بەری تیشکی زوهرەی عەشقی گرتووە لێم
خەنەی گرتۆتەوە بۆ پەل بزێوی پێم
دێ و من مارە دەبڕێ لەووشکە درکێکی دوور
خۆشی بەسەر گوڵان دزە دەکا بۆجێم

پسا داوی تەنکی تێک ئاڵای نەم تەونە
نەم داوەی ڕیشاڵەی عەشقی بوون و کەونە
گوڵێکی نەم ڕستە گلێنە نەیبینێ
دۆزینەوەی نەم قەزوانە خۆ هەرخەونە

ژاڵەیە عەشقی تاڵت، بۆنی کەنی یە
چۆن بێژم؟ شیرینی تۆ دڵمی تەنی یە
کە بەسەرچێ تامی یادی نەم نەوینە
بۆن و بەرامەی بۆنەی تۆ، هەر بۆگەنی یە

هەر مەجنونەو کوشتەی دەستی لەیلایکە
لەلای لەیلا وابێ، مەجنون قەڵایکە
سەیرە مەجنون، نەم گڕەت نەدیوە دەنا
دیارە دوور لە لەیلات، کورەم لە لایکە

تریفەی ڕوونی ڕووت بەڕووم هەرکە نەنگووت
خونچە گوڵی عەشقت لەنێو دڵما پشکووت
دڕێژەی کێشا هێندەی باڵای لاولاوێ
هات لەقەدمانا نالا، یەک جێ لەگەڵما جووت

دەڵێن: عەشقت بەس هەوەس و هەوانیە
دڵی مەجنون گوتی: چۆنە؟ کەوانیە
گۆشەگیری دڵ پیر، گوتی: نەویندارانِ
عەشقێ گیانی لەگەڵ نەبێ ڕەوانیە

مەپرسە بۆ دەریا وەک شێت شەپۆڵ دەدا
کەنێو گەرووی پڕبوو باوەش بەخۆڵ دەدا
منیش دەریام بەدوای شەپۆلی عەشقی تۆ
نازانم جۆشی دڵم کەینێ کۆڵ دەدا

بارانم نم نم داده بارمە سەر شێوەت
گەر لرفەی هاتەوە نەژدەهای کڕێوەت
مەترسە، قەفەسی سینگم نەشکێنم
پەردەی دڵی خۆمت بۆ دەکەمە خێوەت

عاشقێکم بینی گوڵی لەبەرۆکی
باغی نێو دنیای کرد، عومرێ بەگەڕۆکی
نەی زانی هەرکەمرد، هەزاران درکی ڕق
چەقی لەسەر کوڵمەو گڵی چەپەرۆکی

پولی نەکرد هەرچی لەدەم عاشق گوترا
بە خائینی دڵ گوت: دڵ لە دڵ نوترا
باڵی دوو دڵی نەبەست، خۆ ئەو تیرەی
لەسەر بازووی گەرمی نەویندارانکوترا

مەجنون باسکی عەشقی بەگەڵب و ئاخ کوتی
خوێن ڕژێن نیە، خوێن دانە لەیلا گوتی
نەوینێ بازووی شەڕاگێزیت نەبەستێ
بزانە بە عەشقی بێ سەرەنجام سوتی

دڵم پەروانەی شەمعی عەشق و سەودابوو
تین و گڕی تڕپەی سۆزباری بەودابوو
کە گڕو گڵپەی کرد، ناگری نەم عەشقە
پەرێزی گیان سوتا، دڵ شێت و شەودابوو

چاوەکانم جووتێ مۆم بوون ژوو داگیرسان
بەڕووی چاوەڕوانی شەوگاری ڕوون تاسان
گڵێنەم کردە دەنگی تەسبیحی ژووانت
کە نەهاتی داوی چاوەڕوانیم پسان

لە دنیا بۆ عەشق ڕێنجبەر و سەپان بین
وەک دووتای یەکسانی تەرازوو قەپان بین
بۆ داوێنی خاوێنی نەویندارانمان
با دەست لەسەر دڵ و گیان لەنێو لەپان بین

پێی بڵێن: دەبێ کەی لەدەرگای دڵم دا؟
نەو سەروەتەی هەم بوو بەنووشتەو کلم دا
نووستە بەتاڵ بۆوە، کل لەچاوم ڕژا
بەس ماوە شمشێری ڕقی لەملم دا

گوڵی باغی دڵی من گوڵ وەنەوشەیە
شاگوڵی کوڵم و لێو سووری نێو شوشەیە
بولبولم دەنالێنم بۆ باڵای نالی
بۆ پەڕی تەڕی، دەم پڕ نەغمە ووشەیە

چین بەچین، دەبا چین، بۆ سەیران هەتاچین
لەسەر چیمەنی ڕووت، منم چین و ماچین
کوڵمی گوڵچینت بێنە ماچێ بچینم
بۆ لێوی یەکتر هەردوو شەیدا بەماچین

پەنجەکانم مۆمن تیشکی شەوی یەڵدان
کوڵم و لێوم شەکرە، لە نامێزی گوڵدان
پرسیان مرواری نەم عەشقەت لەکوێ هەڵگرت؟
گوتم: گیان دەریاو سەدان سەدەف لە دڵدان

بولبول چریکاندی لە بەندی قەفەسدا
ڕازێکی خۆی درکاند لەدوا نەفەسدا
لەخودا سەربەستیم خەڵات بوو بۆ سروشت
خودا، کوا نازادی و بەندبوونی بەکەسدا؟

غەم باری نەم باغەم گوڵی دیارنیە
ماتی نەوچڵەم بولبولی کە، یار نیە
دەبێ درک نەو زەرگانەی بۆ کێ تیژکا؟
کە هەرگیز گوڵ لەگەڵ نەمدا نەیارنیە

بەرمالم لەگوڵ و ڕەیحان و شەوبۆیە
بۆنی بەهەشت بۆلام دێ هەموو شەوبۆیە
نەو فیردەوسە جوانەی من دیم لەنێوخەوما
نەباغی دنیاو نەگوڵ و نەشەوبۆیە

بولبول دەیگوت: بۆلەم قەفەسە بەسەرچم
دەبێ نەو ڕۆژەکەی بێ؟ بەم ژوورە دەرچم
تۆ بۆ نێوباغ و من بۆ جەنەت، وەک تۆ
دەلێم دەبێ کەی لەم دنیاسوورە دەرچم؟

دڵم گوڵە لە دەستی یار دەلەرزی
لەشەرما دەرناخا خورپەم سەری بەرزی
ترپەی دڵ یاهوی کرد، لەگەڵ دڵی یاردا
تاسەرمەست و حەیران، بێ دەنگ کەوتە نەرزی

وێنەی (شەشەم)

گەلێ نارەزوومە
چریکە بولبولێکی مەنیوس ببیستم
کە بەحەسرەت پیاسەیەکی
ئاسمان سەردەنێتەوە

نەمشەو ڕەوە دیوێک دێن و ڕێم لێ دەگرن
من گوڵ و نەوانیش گابەردەم تێ دەگرن
دەکەونە بن پێما، کە دەبینن منم
تاچاو بڕکا هەڵدێن و دوور ملی ڕێ دەگرن

دڕکی زەرگ هەڵکێش گوڵی لەباوەشە
بۆیە بولبولی مەست نەی ژەن و چاوەشە
شای گوڵان حوکمی دا بەرگی پایز پۆشن
دڕکێ لەو چاوەبێ، ژانی نەم چاوەشە

نێو دەمی گوڵی گرت و توند مژی لێدا
تا لە لێوی خوێنی نالی ڕژی پێدا
لەسەر گوڵ کەفڕی شاهەنگ، بولبول گوتی:
هەرباغە گۆڕت سەدسالێش بژی تێدا

بولبول کەوا شاهی گوڵزاری گوڵانە
عەشقی پەپولەیەو ناوێنەی دڵانە
گەر دڵی گەش نەبوو وەک خوناوکەی بەهار
نەودەم کرمی گەڵا کوژی سەر چڵانە

نەو دارە بێ پەلکەی لەباران تێ ناگا
وەک هاوباغانی بەرهەمی پێ ناگا
گەڵاڕێزانی چاوی باران کە ببەستێ
وەک گوڵ بەدەمانی بەهار بەڕێ ناگا

باگۆڵ قژی سەری تادێ هەر دامالێ
بانێو گەرووی لەت بێ درکی تێدا نالێ
لە ڕەشەبای دنیا بۆچی بێ لەچکە نەو؟
با لەداخ مێش و مەگەزان هەر بنالێ

ڕۆژو شەو هەروەک خۆی بێ پشوو دێ و دەڕوا
خونچە دەبێ بەگۆڵ، گۆڵ دەوەرێ کە ڕوا
حەیفە تۆ لەم بەینە لەخەودابی هەردەم
کە خەو دات بەزێنێ لەسەر لوتکەی بڕوا

دەوەرێ پەڕاوی ناسکی خونچەگۆڵ
لە داخ درکی هەوەس دەگڕی بەتین و کۆڵ
گوڵزاری نێو دنیا بە درک گیراوە
بۆیە پەپولە بێ شوێنە لەگەڵ بولبول

هەوری چاوم پڕ لەگرمەی گریەو زادە
مەلەی شادیم پەڕەمووچەی سەر مەزارە
من دەیڕوێنم کەچی نەو دروێنەی دەکا
گیانی خۆڵ و خاکە، دڵی من بەزارە

نەوەی مابێ مشتێ داڵغەی گەرووی غەمە
تیشکی خۆری شادیم لەژێر هەورو تەمە
شەو سینەم بەرنادا، بۆیە نەڕوو خەندەی
نەچاو ڕوونی، سینەم پڕ لەپشکۆی نەمە

گریان بەشت بەرە، تاوێ بەردە یاخەم
گڕی دڵ خامۆش کەی، من بۆچی بەم داخەم
دوور لەتەکیەو خەڵوەت خانەی یارانم با
منیش لە گۆشەیەک سفرەی عەشقم ڕاخەم

لەبن داری دنیا غەمانم دەژمێرم
بەدوای ژیان مەلێکی دی ڕادەسپێرم
لەم خەومدا، مەرگ بۆلام خشکە دەکا
نازانم باڵام بەکام بان هەڵپەسێرم

تانەی غەم نەما، چوو لە چاوم ڕەشایی
بوو لەنێو هەنسک و هەناوم بەشایی
هێن گلێنەی گێڕا بەشەو چاوی حەزم
کەوتە شەوقی دڵی سووتاوم ڕەشایی

چاوم لەنێو کلی شەوی تۆ ڕژاوە
بەتیری چەوتی تۆ، خوێنی من پژاوە
مومێکی شادیم بوو شەوی ژان ببینم
نەو مۆمەشم بەفوی غەمی تۆ کوژاوە

گێژیکردم بیری پێنج و شەشی دنیا
لەشکری غەم کەهات، من ڕام کرد لەکنیا
لەمەیدانی غەمان تەوقی کرد چوار دەورەم
پشتی لەزەویدام، داکەوتم بە بنیا

لەحزەیێکە شادی تۆ، بەرەو ژانم دەبا
پاداشتم لەو دنیا جەنەتی دڵگیربوو
نێستاش دەڵێم: خۆزگە نەو ڕۆژانەم وەبا
دوور لەخەندەی بڕوا، غەم کاری سەرکەشمە

بێ بارانی نزا، نەم باری هەر بەشمە
پێکەنینی مردوو دێتە سەر ڕووی دنیام
کوا شادی بەم جۆرە هەرباری سەر چەشمە
کە دڵ تۆندم دەڵێم: کەی دەبێ دڵ شاد بێ

کە دڵ شادبووم بۆچی دڵ پەستیم لەیادبێ
بۆیە بەڕووی دنیا هێندە پێدەکەنم
دەڵێم: بەڵکو دڵ لەبەندی غەم نازاد بێ
وێڵ و سەرگەردانی تخوبی ڕێی وێڵم

جوتیارێکی شەکەت، خاکی غەم دەکێڵم
وەک شەمشەمەکوێرە شەو پێشم دەبینم
پێش کۆچی شەو دەبێ تاریکی جێ بهێڵم
پایزی هەژاری هات یاخەمی درێ

ووشکە سااڵی غەمی هێناو ڕۆژی بڕی
کەزانی نەم دارە خونچەی شادی ناگرێ
نیدی مەلی خەندە لەسەر لێوم فڕی
مەقەسی ژیان ویستی پەڕوبااڵی کردم

بەرەو دنیای تەنگی خۆپەرستی بردم
گیان لەنێو قەفەسی سینەم نۆقرەی نەگرت
هەربەم حەسرەتەوە لە تەنیایی مردم
نەی شابالی مەلی خەیالی قووڵم شەو

بەبێ لای لایەی تۆ، چاوم ناچێتە خەو
تۆ کە دەزانی دڵ بەتاقی تەنیایە
لەم دنیایە دەرم بێنەو بم بەلای نەو
شەو تەنیایم دەڕوێ، نەشکی سوور دەردەکا

تۆفانی غەم دڵی تەنگم بەسەردەکا
سەری پڕ داڵغەی من، دیلی بێدەنگییە
لەم بێدەنگییە هاوارم سەر دەردەکا
بەدیار باڵام سووتام، تا درەنگانی شەو

کەس نەهاتە پرسەم، بۆلێم تۆراوە خەو؟
خەو تلیاکی مەستی تەمەنی کورتم بێ
ناخر چۆن چاو لێک نێم، بزانم ناگەم بەو
بەم شەوە نەشیعر دڵم دەداتەوە

نەمەستی خەوێ دێ، یەک جێ دەم باتەوە
نەتریفەی مانگی تاقانەبۆم هەڵدێ
نە ڕۆژ کەزی سوورو زەردی دەکاتەوە
نێوارەیەو خەندە لە لێوم نابینی

مەڕەنجە سپێدەش منت ناوابینی
نەو دەم کانگای بزەم ڕێک دەتەقێتەوە
بێی دەست بەنێو پر چی تەنیایم دابینی
جوانی دنیا مەیلی نێمەی بەهەوادا

نەشکی داینێ و خەندەمانی بەهەدادا
دوور لەماچ و مووچی کوڵمەی تەڕی باران
تەنیا لەم بیابانە عومرێکمان بەبادا
تاق و تەنیا وەک مرواری بنی دەریا

وەک با لەسەر سینگی سەحرا، دڵم گریا
دەیگوت: بۆ عەشقی گوڵ پەپولە دێتە باغ
گوڵیش بێ خەبەر، گوڵم نەدیبا بریا
لەغەمی تەنیایی خەوم بەسەر داهات

بیری خۆسوتان و ڕەوم بەسەرداهات
تەنیا چاوەڕوانی ڕووی تۆبووم کەهەڵبێ
نەهاتی تاریکی شەوم بەسەرداهات
شەوی دڵی تۆیە، ڕۆژیش کە هەڵنایە

بەبێ ڕەنج خۆریش شەوقی لەگەڵنایە
وایە سروشتی ژین، خوا پاروویی نادەمی
لەنێو گەروویی قووڵی شێرو چەقەڵ نایە

وێنەی (حموتەم)

منت پێشکەش نەی یار
من هاتمە دنیا، بەس بۆتۆ

زەنگینیم لەوەیە بۆخوا لەخەڵوەت بم
نەوەک حەسرەت کێشی سامان و سەروەت بم
دنیاتۆ سەدانی وەک من، کە جێبێڵی
چۆن تۆشەم و منیش پەروانەی دەورەت بم

لەدەرگەی دنیام دا بەگریان و گاگۆڵ
پڕ بە باوەشی خۆی زەوی گرمێیە کۆڵ
بێژنگی نەجەلم دەڵێ: مەگری نیدی
نۆرەت دێ و دەبیەوە هاڕاوەی چنگێ خۆڵ

سێ بەشی شەو ڕابرد، بەشێ ماوە تەنیا
گەش دەچێ نیگای مانگ، نەم شەو لەخەنیا
من لەسەر ترۆپکی نارامی کڕنۆشی
دەوریشم لە تڵپەی بنی خەوی دنیا

نەوەی لامە نەو شەوەیە لەجێ ڕۆییم
نەبووە پیشەی هەتا کاری سەرەڕییم
گشت دنیام شیتەڵکرد چەشنی چاوچوقانێک
تەنیا من ڕێبواری بووم و لەجێ ڕۆییم

گفتم دا بە خوا غەم خۆری نەم دینەبم
وەک دوونیای غەریبان لەنێو نەم ژینەبم
بەڵام کەهات دەستی سەرکێشی بۆ گەروم
چۆن پشوو دریژی نا نەم نەوینە بم

دنیا ڕوون و ڕەوشەن، تاوێ لەڕوونی من
نەگبەتیشی بەندە هەر بەزەبوونی من
دنیا شیرینە خۆی، گەرتاوێ تاڵ دەرچوو
پەیوەستە بەبیری پیسی دەروونی من

نەم ڕۆژی دنیایەم هەرشەوی یەڵدایە
لەتاوی نەم دڵەم خوی بەدی هەڵدایە
دواکەوتم بۆ دنیا، نەگەرچی دەم زانی
هەڵاتنی نووری خوایی لە دڵدایە

نەی دنیا تاقیگەی نەزموونی بنیادەم
کورتە ڕۆژی تەمەن، یەک جارە نەم یادەم
سبەی لەگەڵ بەردو ناسن من خەڵوزم
نەمڕۆ کەچی ناسن بەکەس نادەم

لێکدانەوەی پولە هەرسێ بەشی جەمم
لەخەویش بۆتە مۆتەکەی ڕەشی غەمم
دەترسم لەودنیا شکات کا پارەلێم
بێتە داخکەری زاری گەشی دەمم

هەرچی پایەو پلەی نێو دنیام لەلابوو
بێ سوودە کە جەستەم لەحەشروتاقی هەڵابوو
وەکو ماری دووسەر، خۆ ژەهر ڕژێنە
سامانی دنیایی بۆ گیانم بەڵابوو

لەنێو گڕی دنیا دڵ تەواو سۆتایە
بۆ وابێ هاوڕازم بەمنی گۆ تایە
چ کارم بەکایەی دەستی سەرمەستان بێ
کەوا نەم دنیایە ڕوو بەرەو کۆتایە

بەم ساتەی شادم، بەو دەمەی قاتی یە
بوونی لەدنیا ئەزموونەو کاتی یە
دێت و دەڕوا تەمەن، وادەی مەرگم نادیارە
ڕەنگە نێستا بڵێین: نۆرەی تۆش هاتی یە

وەک هەوری گەڕۆکە خەیاڵی سەرکەشم
دەبارێنێ نەسرین بەسەر چاوی گەشم
بەگریەوە هاتم، بەگریانیش دەمبەن
لەودنیا دەبێ خودا چی بێ بەشم

ساڵەهای ساڵان بوو بەدەم چاوەڕوانی
لە سێ گۆشەی بەختم مەستانە دەم ڕوانی
بۆخۆش بەختی دنیا کەچی هەر نەگەییم
تیشکی خۆر پێی گوتم: تۆ خاوەن بڕوانی

دەکا دەورانی خۆی دنیاگشت سەردەمێ
لەم دەورانی دنیا میوان تۆی هەردەمێ
غافڵ کە نازانی خودا ڕۆزی دەرە
بۆ پول سەر دادەنێێ ڕۆژی بۆ بەردەمێ

لەخشت دانی گەردوون هەرکاف و نوونێ بوو
تەمەن دەرکەوتن و خۆرئاوا بوونێ بوو
پێت کەنایە حەشرێ نەوساکە دەزانی
ژینی نەم دنیایە بەس هات و چوونێ بوو

لەڕێی دنیا کەوتیە چاڵی چەوتی ڕۆیی
لەگەڵ قافلە چاوت لێک نا خەوتی ڕۆیی
دنیا ڕاکردنە بەرەو ماڵی کۆتا
لەم ڕاکردنە گەریەک جار کەوتی ڕۆیی

گەر لەدڵ بوو بڕوا، هەمیشە دڵ شادە
لەخەیاڵی ڕۆژی لێپرسین و دادە
نەگەر نەمابڕوا لە دڵ، دیلی غەم دەبێ
لەدنیا بەتەنێ غەم نەوی لەبادە

نەوەی دوێنێ دیدەی لەدنیا وون بوو
پێستێک و دوو نێسقان، هەروەکو تۆو من بوو
هەرگەلێ دوێنێکە بێ نەمری خودای کرد
تەخت و تاج و شکۆی یەک جێ سەراوبن بوو

دنیا کەجێ حەزی بیری نەهرێمەنە
لەبەردەم مەستاندا دڕکی یەک دێمەنە
بڕوا داری پەیوەست بەحەق پێی وایە، کە
گەشتی نێو گوڵزارو باغی پڕ چێمەنە

نەوەی دنیا ویستە ڕوو لەخودانیە
ڕووڕەشە هەردەم، شەوقی لەڕوو دانیە
بۆچی تۆ لەدنیا لەخەیاڵ و خەودای
کە مەرگ و خەو هیچیان لەیەک جودانیە

کارکە وابۆ دنیا تاسەر هەر لە دنیای
پول لەبن باغەڵتەو نەتۆش وا لە کنیای
واش ڕوو لەخودابە نەجەل سبەینێ دێ
خاک و خۆڵ لەسەرتەو نەتۆش وا لەبنیای

دنیا نەوەنیە مەنزڵی هەتابێ
نزیکە مەرگی تۆ، ڕۆژو شەو کەتابێ
وەیل و واوەیلا بۆ ژینی نەو بەندەی
سەرتاپا تەمەنی هەر لەنێو خەتابێ

وادەزانی کۆتایێ دێ دنیا دەمی
کە مەرگت کۆتایە بۆتۆی دەم نادەمی
دنیا وەک خۆیەتی لەمان و نەمانت
بیرت چووە، کە نەتۆ تەنها بنیادەمی

مەخەرە سەرشانت غەمی نەم دنیایە
لەژینی سبەی خۆی چ کەسێ دڵنیایە
نەمرۆ بەڕێکە، کێ نازانێ سبەی تۆ
ڕۆحت لەنێو گۆڕدا بەتاقی تەنیایە

بەچاوی گەشی دڵ لەدنیا ڕامێنێ
خوێنی مەرگ لەسەر دەڕوا بۆ دامێنێ
بەشوێن پەپولەی نەمێد مەکەوە هێندە
ڕۆژێ نەم دنیایە تۆزیشی نامێنێ

گەر نێستا من خۆڵی زەوی بەباکەم
بێ شکە سبەینێ خۆم تۆزی نەم خاکەم
کە هەر چاکەی دنیا لەوێ فریام کەوێ
نازانم بێ ناگا، من بۆ دوور لەچاکەم

وێنەی (هەشتەم)

لەنێو دەمی درکەکانەوە
گوڵێک دێ، تارەتمان پێ هەڵدەگرێ و
لەسەر لێومان دەنووسێ (ماچ)

قەترەی نوورت دەڕژێ تا شەو منەوەرکا
سروشتێکی نوێ بەبەرگی بوو نەوەرکا
نەی فریشتەی باڵ سوک نێمە لەم گۆشەداین
بارانی نووری خۆی با، بەم بنەوەرکا

خودا تۆ لە زومرەی دووڕووان دەرم کە
نەو دڵەم بەزیکرو یادی خۆت نەرم کە
لەم بێ سەروووبەری درۆ لەسەرانە
تاجی ئاڵتونی ڕاست بێژی لەسەرم کە

دەبێ شیفا کەی بێ، تا دڵ چلێنەکەم
ڕۆشن کا بۆم لێلایی نێو گڵێنەکەم
بۆ شیلەی گوڵ نەبێ هەنگی چاو نەفڕێنم
مەرجبێ وەک گوڵ بپاڕێزم بەڵێنەکەم

لەسەحرای تاوان جەستەم وون وبێ نەخشە
لەم چۆڵیە هاوارم بڵاوو پەخشە
بۆ هەمیشە دەگەڕێمەوە خانەی نوور
بەس خودا تۆ بەمهری خۆت من ببەخشە

فریادڕەسێ ساخوا ڕەوشەن کا تەوێڵم
بەدوای عەشقی تۆوە وەک دێوانە وێڵم
جارس بووم هێندە باسی دنیایان کردبۆم
گەرەکمە بۆ هەمیشە دنیا جێبێڵم

شەو کەلەژێر تیشکی نوورت خەڵوەت کێشبم
ترسم نیە بۆ نێو تاریکی پەلکێشبم
دەبێ دڵ سەروپرچی بڕنێتەوە
ئەوشەوەی لەنوورت هەر، کە من سەرکێشبم

لایێ پەڕی کۆترە باریکەی سڵاوم
لەم لاش، من هەڵوەدای بابردووی کڵاوم
پەڕوبالّی دوو دڵیم بکە، خودا گیان
لەچاڵی هەرکارێ سەدجار تیا گڵاوم

بیلەی چاوەکانم هەریەک لەلایکە
خۆ هەریەکێ بۆمن داوی بەڵایکە
بۆ غەیری خودا گەرچاو گێڕبووم لەدنیا
بۆم سەرچاوەی قوولّی بەزم و هەڵایکە

نابەدڵیم وایە دژی سەرکێشانم
من بۆ سەرەڕۆیی دنیا پەرێشانم
ئەو دەمە ئارامی سەرتاپام دادەگرێ
هەڵدەوەرێ گوناهێ بەژان و نێشانم

خوێن لەناهی درۆ ناوێتەی ئەسرینە
هەستم من بەخشپەی هەوا لەفڕینە
گەرەکمە تازووترە بگەمە نێو فیردەوس
چونکی باغی دنیا پڕ لەلوغم و مینە

نابێ ساتێ چاکە بۆخوا ناکارم بێ
باخزمەت گوزاری هەردەم شاکارم بێ
چیمە لەم دنیایە، کە ڕۆژێکەو دەڕوا
بەڵکو لەم دنیا چاکە هاوکارم بێ

لێم گەڕێ با نەمشەو دوور لەڕێی سزابم
بالە دنیا دەرچم، ناوێتەی نزابم
خەڵاتی فیردەوس ڕۆژی ڕوون و گەشبێ
ناخر بە جەنەتی دنیا چۆن ڕەزابم

نەم دڵەم دوودڵە، هەردەم لەسەردانە
سەرێ لێرە، یەکێ لەوێ سەرگەردانە
بێ کۆتە نەو دڵەم جێی دادەی حەزانە
وەک خۆشبەزی بێخەو لەگڵ خەم دەردانە

دووبالّی تیک شکاو، دەروونی سیاهم
وەک مەلێ نەفڕێ بۆ گشت لانیگاهم
دنیا خۆی وایە، گەر هەردیلی دنیابم
مەگەر یەک لاکەم من دڵ بۆ ڕێی نیلاهم

دەچۆڕێ وا نەشکی دیدەی پەشیمانیم
دیارە نێستا ڕوو لەتەوژمی سەرمانیم
ڕێکە کاری خودا خڕ لەنێو دنیادا
نزیکی خۆر تۆزێ، سوتام لەگەزمانیم

هاتوچۆی ڕۆژۆ شەو، بێ نوورت نەستەمە
یادی شکۆت درەی پۆڵای سەرجەستەمە
لەکوێبم بۆ خەوی شیرینی بنیادەم
فەرموودەی کارچاکت، لەنێو نەم دەستەمە

پڕ نووڕە دەورم هەردەمێ لەزیکرابم
بۆنەرمە بانگی تۆ، دەبێ لەهیکڕابم
بۆ چاکەی مابەینی بەندەکانە دنیا
شەرتە بۆ دیدارت، هەردەم لەفیکرابم

لەزندانی پێخەف، خەونی پەرت و بڵاو
لێوەکانم بێ دەنگ لەسەمفۆنیای سڵاو
وەک مەلێکی تۆێنوو، لەنێو ووشکایی شەو
دەرچووم بۆ کڕنۆشی لەژێر عەترو گوڵاو

کە نەم حاڵە بێ حاڵم، دەبێ چۆن ژیانم
کەمە بۆ غەفڵەت تا نێستاش گریابم
گەر شەپۆڵی تاوان گەرووی من تەڕ نەکا
حەقە لەگەڵ نەشکم تێکەڵی دەریابم

هەرگیز نەم دەزانی نارەزووم تاڵاوە
وەکو ماری دووسەر لەجەستەم ناڵاوە
گەر نەبەم کڕنۆشی بۆ خوداوەندی خۆم
سووتەمەنی نارم، بە بەژن و باڵاوە

پەنا بۆ تۆ دێنم بەم درەنگە هاتووم
هەگبەکەم بەتاڵە تاریکە داهاتووم
وەکو هەورێ دەگریم تا تەپبێ بەرۆکم
لەگەڵ نەشکی گریان دەمێکە ڕاهاتووم

بەسۆزترین پەنای، تاکە فریادڕەسی
لەبیابانی ووشکی تەنیایی و بێ کەسی
لەم تاریکستانە پڕ لە دێوەزمەیە
نووری تۆم دوێ، من هەرتۆم تەنیا بەسی

هەورێکی دڵ پڕم و دادەبارێ نەشکم
دەڵێم: پەروەردگار خۆشبێ لەمن بەشکم
خەتام زۆرە، وەلێ ڕەحمی تۆ سەد هێندە
نەی نازانم بۆ هێندە بەگومان وشکم

یار چاوساغی ڕێم بێ تەکبیرم بۆچی یە
فیردەوسم هەبێ دنیای پیرم بۆچی یە
با دڵ نوقتەی شیری دەست دوژمنانم بێ
خودا یاربێ، کەوان و تیرم بۆچی یە

مەندیلی سەری نەم سەفەرەم بابەستم
لەنێو جبەی جێمان بۆ شاڵی تۆ هەستم
دنیا کەپێچی مێزەرە، بالە ڕووگەت
داو لەمل، چاو بەکل، نوێژێ دا بەستم

پێنووسی گوناھ پەڕی کاری ڕەش کردم
پشکۆی گریان و غەمی زێتر گەش کردم
بۆ عەشقێکی لێڵی پڕ زێڕووی دوودڵی
مرواری نێو دەریای نەوینی بەش کردم

یادو زیکری خوا، وەک ئاوە بۆ ماسی
ماسی بێ ئاوی تەڕ کوا ڕەمزو پێناسی
هەرکەسێ دڵپاکی خوا نەبوو لەدنیا
کوانێ ئاسەواری، سڕا نەماباسی

وێنەی (نۆیەم)

با نەم پێستە فرێدەین
ڕقە پەنگخواردوەکانمان بدەینەوە نەهریمەن
با، لای فریشتەکان پڕۆڤەی سوژ دەیەکی
تر بکەین ونوتەکانی خۆشەویستی
لای خۆریەکی دڵ سپی بخوێنین

گەر وابەستەی تۆبم ژینم تۆزوگەردە
نەهریمەنی بەدخوو نەڵقەی زیکرم بەردە
کەمن کارم بەدبێ، شیفای دنیا کوانێ
شیفا خۆی نەساغە بۆ نەم ناهودەردە

بە ناگری تاوان نەودڵەم کەسووتا
نەهریمەن زاری من چبێژێ لە ڕووتا
تۆهەر تەنها جارێ نارام بانگت کردم
تاکو دەمی مردن من هاتم بەدووتا

بەهیچ نەگەیم، کەدنیا لەکەللەی دام
تا نەهریمەن هات و لەنێو نەم پەڵەی نام
پەڵەی ڕەشی سەر ڕوو، پەڵەی ناوەخنی دڵ
نەوەستام تا لەنێو چۆڕاوەی هەڵەی نام

کەمە نەو بەرهەمەی بۆخوا لەدەستم بوو
بۆ بەدکاری چاکە ڕەمزی هەڵبەستم بوو
بەڵام وای بۆمن، لەلایێ نزاکار
لەگەڵ نەهریمەن لەولا گرێ بەستم بوو

منی چەق بەستووی ڕاست، لەپێش دوو ڕێی سەردەم
پشتم کێوی بەفر، تیشکی گەرمە بەردەم
دوور لەم دوو ڕێ یەک ڕێم دەوێ، بۆیە
لەگەڵ نەهریمەن و هەوا شەڕمە هەردەم

دەستەو نەژنۆماوم دێمەوە دەم نادەم
پەردەی پەشیمانی لە نادگارم لادەم
مۆمێکی خنکاوی تاریکایی شەوم
نازانم چۆن سەری هەواو نەفسم بادەم؟

هەگبەکەم بەتاڵە هیچە نەوەی لەلام
بوومە بەردەبازی ڕێی تاوان و بەڵام
خودا نەبەخشی پێم تۆزقاڵی بەزەییت
بۆ پرسیاری سبەی لەکۆێ بێنم وەڵام

هێن نیگام دا دەورم تا دڵ خاڵی هەڵدا
نەم خاڵە هێن ڕەش بوو نەفسیش ڕێم پێ نادا
ڕۆندک چ دەرمانە کەزار بێزاربێ لێم
تای هەوەسم لێیە، زووکە جێم پێ دادا

کێڵی گۆڕ بۆ خورپەی دڵ گەلێ سام ناکا
کێ ژانی هەناسەی کۆتا ژین تام ناکا
مەزاری مردووان پەندی بەر دیدەمە
سەرەڕۆیی هەوەس خۆساتێ چام ناکا

یەخەی دنیا بەرنەدەم، یاخەم بەرنادا
شادی دنیا چیە، کە خۆشیم پێ نادا
دەرناچم لە حەپسی خاسە ڕەنگی هەوەسن
کەدڵ دیلەو کلیلی ڕزگاریم پێ نادا

بالندەی خەیاڵم تادێ هەرگەشت دەکا
بۆ کەیف و سەفای ڕوو لەدەرودەشت دەکا
نۆقمی پێکەنین و شیلاوی دنیایە
کەچی هێشتا داوای نوقڵی بەهەشت دەکا

کڵپەی ژانە حەزم، داوای هەوەس دەکا
لەگیانم نازانم کەی نەمە بەس دەکا؟
دەمی لەشیلەیە، کە تاڵی دەچێژێ
بەگریانەوە داوای فریادڕەس دەکا

شادی بولبولی ڕووم لەدوا نەفەس دایە
کۆشکی دڵم لەژێر سوڵتەی هەوەس دایە
مەلی خەندە لەسەرلێوم ناجرێوێنێ
گیانم لەنێو جەستەی قەفەس دایە

زارم بەبڕین بچێ لەگەڵ ڕەوا نەبم
خوشی نێرەم چی لەم دنیا کەوا نەبم
سووتەمەنیم من لەگەڵ بەردو خەڵووزدا
دەست بەرداری دەستی نەفس و هەوانەبم

من کەدەڵێم: درکی حەز لە دڵ بادەربێ
نەوەک شیلەی شادی، ژەهری پڕکەسەربێ
هەردڵێ کە غەرقی حەزی نێو دنیابوو
خەتابارە نەو خۆی کە هەرچی بەسەربێ

لە لوتکەی ئەم حەزە نەگریسە دابەزە
پێوانی پێوەری مرۆبوون ئاوەزە
کە جەستەی حەزکاران خەڵاتی ناگربێ
لەسەر پشتی عەشقی دنیایی هەڵبەزە

لەڕووت شەفەقیدا سەر تڕۆپکی جوانی
مەست کەی ناخ و دڵی دنیا بەمیوانی
نیگات ڕووی شەیتانە، گەر بەڕێی پاک نەچووی
تیرێکی شکاوی دوور لەنێو کەوانی

نەشکی سوێری خوایی لەشانەی هەنگوینە
درەختی تفت و تاڵ بەرەکەی شیرینە
ئەوەی گوڵێکی چاند لەسەر خاکی دنیا
لەو دنیا خەریکی بەرووبووم ڕەنینە

لەحزەێکە هەوەس ژان بەدوادێنێ
شادی دڵ و سەر ڕوو هەر هەبن دادێنێ
لەنێو دنیا شادە، ئەوەی دوور لەشەیتان
تەنها دەستی نزا بۆلای خودا دێنێ

نەمریەن دێ و لەدڵمان کینەچێ دەکا
شان بەشان لەڕێگا، لەگەڵمان ڕێ دەکا
بەدوای قومێ ئاوی سەرابی ئارەزوو
کانی و دەریای قوولی دنیامان پێ دەکا

هەرکەس مەیلی لەلای نەهرێمەنی سووورە
لەنێو دنیا دوور لەزیکرو خانەی نوورە
گیانی لەنێو جەستەی مردوو دەخولێتەوە
هەمیشە نەو نوقمی غەمی بێ سنووورە

سبەی خودا کە گشت پەنهانیت دەردەخا
دەڵێی: گەردی تاوان تەرازوو سەردەخا
تیر دەرچوو لەکەوان، خۆناگەرێتەوە
نەوەی ژینی تاڵ بوو، لەم تاڵتر ڕادەخا

لەنێو حەزی دنیا گەر ناوێتەی چێژبی
لەگەڵ خەونی پووچەڵ لەنێو ووت و وێژبی
لەحزەیێکە ژیان، دێت و دەبڕێتەوە
مەرجە گۆڕی تارت سەرتاپا گوڵ ڕێژبی

وێنەی (دەیەم)

سەرەتای بوونمان
وا لە کۆتایی نەو ڕۆژ دەدوێ
کە نەستێرەکان دەبنە هەڵم و
ناسمانیش لەداخان شەق دەبا

بولبولم دەخوێنم، کەس نالێ لەکن چی
کەتەم بوو ژێرناسمان، فڕینم بەبن چی
کەدڕکی جەمەنەم چەقیبێ لە باڵم
بەهەشتی پڕ گوڵی نێو دنیا بەمن چی

هەرچی کەجوانی بوو، لەهەگبەی دڵم نا
بێ شەرمانە بەڕووی نارەزوومڵم نا
گوتی: شیرینیت چێشت، ژەهری دۆزەخ ببە
ڕاپەڕیم لەخەو، هاوارم کرد گوڵم نا

بۆ هەرجێگا بچم، بەخەیاڵ و قاچم
مەحاڵە لەخاکی خوداوەند دەر ناچم
دەروونی تەنیوم نەهرێمەنی بەدخوو
بۆیە بۆ دەروازەی شەنگی بەهەشت ناچم

کەی دەبێ؟ باری غەم لەشانم داگری
پێی گوتم: پەیمان بێ نیدی بۆم ناگری
گوتم: نەی دڵ دنیا بۆتۆ تارو تەنگە
تۆ بەرگەی سووتانی نەو دنیا ناگری

بەسەر پردی سیرات هاواری پڕهۆریا
دۆزەخ دەبرژێ سوور، مردن دێ لەبنیا
پرووشکە ناگر دێ، وەک ناو دەم خواتەوە
من تازە دەزانم هەرخەونێ بوو دنیا

دەهەژێ گشت گیانم، بەر چاوم تاریکە
بەلا دادێم بەسەر نەم پردە باریکە
دۆزەخ لەهەموولا داوێ چەپەرۆکان
جەستەم بۆ ڕزگاری نەفسی خۆی خەریکە

بیرم نالۆزاوە غەم دێ و سەر دەردەکا
لەم نێوەندە بالّی خەوم پەڕ پەڕدەکا
نازانم لاشەکەم ناوڕیشمی بەهەشت
یا لیباسی گەرمی دۆزەخ لەبەر دەکا

ڕۆژێ دڵ نارەزووی هەرچی کرد ڕێم دابێ
گەر پلّاوی هەوەس جارێ من لێم نابێ
ڕۆژێ نەم دنیایەم بەم چەشنە ناواکرد
بێ شک و گومانم لەبەهشت جێم نابێ

لەدۆزەخ مرۆی بەد خەڵوزی ناگرە
لەنێو بلّیسەدا کوا کێ؟ خۆڕاگرە
فرسەتە تا یەکلانەبووە دوا مالّی تۆ
باری دنیا لەسەر شان و پیلت داگرە

تێرنابێ چاو و دڵ هزریش هەر ناپرسی
بۆچی؟ بۆ لەزەتی میوەی کاڵ وابرسی
پەیژی سەفەرێکە نەی دڵ نەم دنیایە
لەگەرووی دۆزەخی ترش و تاڵ ناترسێ

دوو ڕێ هەن لەدنیا، دوو ڕێی لەیەک دوور
یەک تارمایی شەوگار، یەک شەوقی لەیەک نوور
نوور شەوقی دەگاتە باغەکانی جەننەت
شەوگاریش دەچێتە بنی دۆزەخی سوور

ژێر گۆڕی تار ڕوونە باغی نێو بەهەشتە
دەمزانی دنیایە، پەیژە بۆ نەم گەشتە
لەم دنیایە دیارە دوانامەی نەو دنیام
کە لەحەشرێ کارتی جەنەتم لەمشتە

وەک پووشو پەلاشێ لەپەرێزی دەشت دام
چەشنی ڕێبوارێکی شەکەت لەنێو گەشت دام
گەرچی نەژدەها گەمارۆی داوم نەمرۆ
سبەی لەنێو نازی نەبراوەی بەهەشت دام

حەشرێ بینم لەسەف شەڕکاران باوم دێ
چۆن بەم ڕوو زەردیە بەڕوویان چاوم دێ
بەهەشتیان بەدۆزەخی دڵ ناشنانین
کێ دەڵێ؟ لەدەمی حۆریان ناوم دێ

کەلاشەم بەرگەی نەو ڕۆژە گەرمە ناگرێ
خەریکە ئارەقەی دنیا لەڕوو داگرێ
نەی لاشەی نەرمی من، ناترسی تۆ لەوەی
سبەینێ ببی بەتۆزو ڕەژووی ناگرێ

بۆ شەوقی سبەی نەچووم، کە دووڕە شەوقم
دەترسم تاجی ئاگر ببێ بەتەوقم
نەمڕۆ باداخی نەو دڵەبێ کۆتەم کەم
نەوەک سبەی بۆ نێو ئاگر بکەن سەوقم

هەن بەهەشت و ئاگر، باخۆم لەخشتەبەم
دڵ دەڵێ: چۆن کلیلی نەم بەهەشتە بەم؟
لەچوارلامان دۆزەخ سەری دەربکا
چییە فیردەوسی پڕگوڵی نەم گەشتە بەم

مەودای قووڵی بنی دۆزەخ حەفتا ساڵە
لەبنیا مرۆ لەگەرمەی ناڵە ناڵە
منالی و گەنجی و پیریم، نەوەندەیە بەس
لەبان پرد فرێم دەنە نەم سووڕە چاڵە

بریاو خۆزگەی دنیا دەبنە پووشی بەربا
ڕووتە نەوەی دوێنێ ئاوڕیشمی لەبەربا
چۆن لەبنی دۆزەخ هەڵدەستا شیوەنیان
گەر لەتاریکی باوەڕیان تاجی سەربا

دەمی کردەوە دۆزەخ تامرۆ لۆش کا
بەس جارێ نێمە لەم ژانە فەرامۆش کا
گووتیانە: نەهلی بەهەشت قومێ ئاو بنێرن
بەڵکو گڕی سووری جەهەنەم خامۆش کا

فریشتەکان دۆزەخ دێنن دەست بەقوڵپی
نەهرێمەن نوقمە لەنێو چرکاو چڵپی
بۆگیانی مەردووم خۆ ڕادەپچڕێنێ
چەپەرۆکی جەهەنەم بەگڕو کڵپی

ناگا بەمیوەی جەننەت نەم لێوە سوورە
کە تۆراوی وێردو خەڵوەتخانەی نوورە
دەمێ بۆ دەمی بەهەشت دەم نەکاتەوە
وەک قەترە ئاوێ لەجەرگی دەریا دوورە

چاروگەی نەجەلت جوڵاندی بای کەشتی
نازانی دۆزەخی یا بەرەو بەهەشتی
پێنج و دوو ڕۆژێکە سەفەری نەم گەشتە
لەنێو دەریای مردن خەریک حەفت و هەشتی

فریشتان بۆ کڕنۆش چوون نێمە پێ گەش بووین
کەچی بەچوونە جەنەت دەست و پێ ڕەش بووین
بەلەتە سێویک، لەشەڕابی هەنگوین و
چاوی کاڵ و نالی حۆریان بێ بەش بووین

لەبانی فیردەوسین یاسووتی ناتەشین
لەمەحشەردا بەسەر دوو پۆلان دابەشین
نەوەی شایی دابەست لەگەڵ نەهرێمەندا
پول و پارەی شادی تەمەنی دا بەشین

وێنەی (یازدەهەم)

نامەوێ چیتر تۆم خۆش بوێ
خۆشەویستیت منی کوشت
کوشتنێک هەر لەوشەوە دەچێ
کە حەرفێکی تێدا ناخوێنرێتەوەو
سیمای منالێکی پاکیزەی تێدا نابینی

پیری کەوتەگیانم لاویم بێ خەبەرما
زەردەخەنەو جوانی داڕنی لەبەرما
سووڕی گەردوونە کەجامی پیریم پڕبوو
نە ددانێ لەدەم، نە داوێ لەسەرما

لاویم دێتەوە یار، گریانێ دام دەگرێ
دەڵێم: بەم ڕیشە تەڵەی مردن پام نەگرێ
دوێنێ دەستی پیرو بەسالانم دەگرت
نەمڕۆ پیرکەوتووم و گۆچانێ ڕام دەگرێ

دڵ تەڕ دەمێنم دوێنێ گوتم: بەژنم
بالام سنەوبەر، مۆمی تۆ ڕۆژی جەژنم
داخەکەم نیمڕۆ پشتی لاویم چەماوەو
قەوەس و کەوانی دەسکی گۆپاڵە بەژنم

بەفری پیری باری سەرکێوی سەری من
دیارە نیشانەی دا کۆچ و سەفەری من
زستانی تەمەنە تاکو سەرما نەم با
کفنی سپی مەرگ، دەکاتە بەری من

داناخرێ دەرگای هەر حەوت ناسمان، والان
تابەفری پیریم دابارێننە سەربالان
سەرم بۆتە تۆپەڵە بەفری دەستە گەمەی منالان
تازە هەگبەم تەنها تێشوی نەم نەرزەیە

بەهاری گەنجیم جێماوی نەم وەرزەیە
پایزی پیری هات، بۆیە نەلێوماچی
نەقەد شۆخی، بااڵم گوڵی دەم تەرزەیە
بەفری وەرزی پیری، تێکەڵ بەدڵم بوو

تاچلەی هاوینی مەرگ لەگەڵم بوو
ژیان دەریایێ بوو لەژێر خۆری مردن
لەگەرمی نەم خۆرە عومرم بەهەڵم بوو
مەیلم دێ و دەڕوا بۆکۆنجی گۆشەگیری

بەنجی سۆزە، شادەماری گەشی ژیری
لەم هێلانە تەنگە، گوڵی لاویم بۆتە
پەڕەموچەی باڵی گەورەی عومری پیری
ڕووخا کۆشکی گەشی ڕووخساری من

لەگڵ تواوە خۆڵەمێشی ناساری من
گیانم چۆلەکەبوو، لەقەفەسی سینەم
لەپڕدا نیشت و هەڵفڕی پاساری من
لەخەوما دەمامکی پیریم لەڕوونابوو

نەژدەهای نەجەلم سەری لەدوونابوو
لەتەک گۆڕێ خۆیدا بە نێسک و پروسکم
قەاڵی عومرم بەجارێ تەفرو تووناوو
نێو شکۆفەی سوورە دەم خونچە گەنجی من

بۆ لاشەم نابێ پایز بێتە بەخجی من
نەبا هەڵکا خەزان بای ڕەشی نەفرەتی
بەباچێ وەکو پوشێ بەرهەمی ڕەخجی من
دوێنێ کەزارۆ بووم، بۆ پولێ چەن گریام

تافریشتەی خوایی، گەیشتن بەفریام
نێستاکەش من خۆزگەی نەودەم دەخوازم
بەڵام یەک پول ناکا، سەدان خۆزگەو بریام
ساتەکانی زەمەن عومرم داوداو دەکەن

لەدەرکەوتن و وون بوونی هەتاو دەکەن
نوکتەکانیش خۆلەپیری دڵ ساردن
لێم داوای گریان و شینی بەتاو دەکەن
درکێ گوڵی لاوێی بەبادا

هەواڵی مەرگمی بەگوێچکەی سەبادا
سیمای خۆم حەشاردا لەنێو بەرگی گەخجی
گوتم: نەجەل نەوەک بم ناسێ، نەبادا
گوڵاڵەی گەخجیمان چاو بڕۆدەکا

لەگەڵ وەرزی پیری وادەو گڕۆدەکا
ناگەینە پیل پیری پەکمان دەخا مردن
گیاو گوڵەگیا لەسەر سینگمان چڕۆدەکا
گوڵ کەتوڕەیی درکی دی، ڕەنگی گۆڕا

بەسەر بالای خۆی وەری و لەم وەرزەی دۆڕا
نەو بەهارەی خوناوکەی بارانی نەدی
زەردەوی پایز، لە بالای سەوزی چۆڕا
گیانی خستە بەدەنم، خوا پێدام

عومر کورتە ڕێبە، من لەنێوەی ڕێدام
دەست لەسەر دڵ دەڕێم نەوەندەی کە، ماومە
گومانە گشت لەحزەی نەو ژینەی واتێدام
خۆرم دی پرسیم تاکەی لەگەڵ نەودابم

کە وەک نەو نالّ و والّ گوڵ ڕەنگی وانابم
خۆر ناوابوو زەردو سوور هەڵگەڕام گوتم:
نێوارەیەک منیش هەردەبێ ناوابم
کەشادیم کوشت هەڵسا دەستی نەم شیوەنە

چۆڵەکەی ڕۆحم، دیون لەگڕ جریوەنە
گوتم: پێکی تەمەنت بەچی پردەکەیت
پیالّانی شکاوی ژینمان وانیوەنە
لەو عومرەی کەماومە، نەوەی دێ مردنە

نەو دالّغەی دام دەگرێ خۆبەس کات بردنە
نەوەی کۆشکی دڵم، لەبن دەڕوخێنێ
تەنها نازارو تەزووی گیان دەرکردنە
وەک گورزی بانان بەسەرما زەمەن ڕۆیی

بەپەلەو هێندە زوو، قافڵەی تەمەن ڕۆیی
دۆستان شینیان گێڕا، گوتم: شایی بەستن
وا لە باوەش حۆرم مەڵێن: ڕەبەن ڕۆیی
داری عومرم بەری نەبەدی هەڵناگرێ

دڕکی تاسەو حەزم زوو بەزوو گوڵناگرێ
لەبیری مەرگ و ژین هەر حەرفێکی سەوز
لەبەهاری دڵ دەرنەچوو نێو دڵ ناگرێ
خاکم تاتەی سەڕدەو تاقە بەرمالێکە

سەروەتم کفنێک و داهاتووم چاڵێکە
من غەمی چی بخۆم لەم تەمەنە کورتە
کەهەر هەمووی وەکو خەون و خەیاڵێکە
خۆ دەورانی زەمەن هەر وەکو ڕەشەبا

لەبەهاری تەمەن گەڵای عومرم دەبا
لەنێولانکی دنیا چینم سەرخەوێکە
با لەگەڵ ووشیاری، ووشیار بژیم تەبا
عومری سبەم کەفی ڕووبارێکی لێڵە

نازانم کامە خاک بۆم سەرین و کێڵە
چەندین چاوی پڕ لەخۆزگە، هات و وون بوون
نەنگوستی زەردەخەنەم ڕاوی غەم دەکا
لە شادیدا گلێنەم داوای نەم دەکا

مەلێکی کۆچەریم و شەقەی باڵم دێ
دەزانم چەن بفڕم هێن تەمەن کەم دەکا
ڕووم نایە بەو دەستەی ژێر دەستەی هەوایە
چۆن وێردو نزاکەم، بەم چەشنە خودایە

چاگەیەک شک نابەم بۆ بەر پێی تاریکم
فرسەتێ بوو عومری کورتی نەم دنیایە
گەرچی واشەکەتی هاتۆتە ژێر پیلم
وەریوە پەلوپۆی تەمەنی نەشمیلم

بەڵام شادە گیانم، لەنێو جەستەی دنیا
بەدوای عەشقێکی پاکەوە، کە من دیلم
شادی چییە کەژین بەڕۆڵە ڕۆبچێ
جەستە پوڵێ ناکا دڵ سەرەڕۆ بچێ

دەبێ خۆزگەی ژینی هەژارێ بخوازم
قاروون کەتاحەشرێ لەخاکا ڕۆبچێ
کەپەڕی نەلبومی یادم ناوا دەکەم
تۆڵەی هەر چرکەیەک لەتۆ داوا دەکەم

تەمەن خونچە گوڵ بوو دەستی دنیات بۆ برد
سبەی یادەوەریم، بۆیە ناوادەکەم
دەستی خۆزگە، شوشەی دڵەکەم کەبادا
دەبا پایزی غەم، تەمەنم بە بادا

گیان(دێمەکار) کەم وەچاکە لەم کێڵگەیە
ناوی نەشک و هەناسەم بگرێ نەبادا
ڕۆژێ دەفری تەمەن، دێ مەیلان و پڕکەی
لە گۆشەی تەنگی ژین پێکی مردن فڕکەی

کە، مەی مەرگ هەتا سەرلووت و دەمت هات
دەبێ بۆ نێوکوخجی گۆڕخانە چاوبڕکەی
تەمەن هەر تاویکەو خۆ بەهیچ ڕاناگەین
نەجەل وەیشومەیەو لە ڕەشەبا ناگەین

ژیان تۆپەڵە بەفرێکی بەر شەبەنگە
مردن کەتیشکی دا، بەپیل سەباناگەین
تەمەن کڵوە بەفری بەر هەتاوێک دەچێ
کەخۆری مەرگ هات، هەر بەتاوێک دەچێ

کەرۆیشک چەند بنوێ، دەبێ هێندەش ڕاکا
نەو پەندەم لا بەڕستە پڕتاوێک دەچێ
تەماشای سەحرا لەبەهەشتی گوڵ دەچێ
لەچاوی نەو کۆرپەی وەک شاعیر هەڵ دەچێ

تەمەن کەفێکی هەڵچوە، لەدەریای ژین
غەمی نەم دوونیایە، کوانێ بۆ دڵ دەچێ
دیارە سبەی لاشەت لەبەردەمی دادە
تازووە نەمرۆ خۆت گوێچکەی نەفست بادە

که عومری نێو دنیا بەنافەرمانی ڕۆیی
سبەینێکە بەشت هەر دادو ناداده
دنیا نەوەنیە مەنزڵی هەتابێ
نزیکە مەرگی ڕۆژوو شەو کەتابێ

وەیل و واوەیلا بۆ ژینی نەو بەندەی
سەرتاپا تەمەنی هەر لەنێو خەتابێ
چرکەکانی کاتژمێر گەنجینە بردنە
عومر ژمێرە، بەس تەقوێمی مردنە

دنیا شەپۆلێکی تیژڕەوی خێرایە
وا لە گڕ پەل و پۆی سەوزی گیان بردنە
دوو ڕۆژێکە دنیا وەک غەریبێ دەڕۆی
نیە گەڕانەوەت هەر جارێ تۆ کەڕۆی

کەوا ئەم عومرەی تۆ هێندە کورت و کەم بێ
بۆغەمباری دنیای، لەگڕ پینەو پەڕۆی
دنیا کەژینێکی زۆر کورتی سەرپێ یە
نیوەی عومری مرۆ لەخەوی نێوجێ یە

فیغانی دنیا بۆ خەوی نەو بەدکارەی
ژانی سووکی دووپشکۆی بن پێ یە
مەچۆ ژێربارى دڵ هەر ناوەز پەنایە
کانیاوی نارەزووی دڵ قەت لەبن نایە

هێندە نیە تەمەن، ڕاکشێی بۆ هەوەس
چاوتروکانێکە ژینی نەم دنیایە
کۆڵێ پووشە عومری من بەدەم باتەوە
نەجەل تۆلێم دەبەی دنیا دەم داتەوە

حیکایەتێکی چەند کورت و جەرگ بڕە
ژیان دەم هێنێت و مردن دەم باتەوە
دەنگێ بانگم دەکا سبەی زوو میوانتم
تۆ بەسەرهات و من کۆرگێڕی دیوانتم

هاوارم کرد کێی تۆ، گوتی: نەجەلم من
گەورەی نەندازیارانی عومر پێوانتم
خۆری نەگریجە زەرد چاوی لەکل دەنێ
تاریکایی ڕەشی شەو لەنێو دڵ دەنێ

بۆمن لێ دەدا پێمەڕەی نەجەل چاڵێ
مردن چوار دەستەدێ، لاشەم لەگڵ دەنێ
لەم دنیایە دڵ بۆ حەزی هیچ پەرێشانە
نەم حەزە کە تیرە، دڵیشم نیشانە

بێ سوود، کە ناموم بەنەمری نێو دنیا
هاو لەزەمان باڵەفڕکەی گیان کێشانە
لەنێو باغی دنیا داری بێ پەل و پۆم
لەتیری تویکڵی تاڵی غرور دەخۆم

دەخۆم و نێو باغی سبەینێم بێ بەرهەم
تێ ناگەم وا بەرەو دوا مەنزڵگا دەڕۆم
لەتاو گیان کێشانم دڵ تامەزرۆی نەشکە
بەڵادا دێم وەکو جەستەی تەڕی مەشکە

وەسیەتی من وایە دوای کۆچم لەدنیا
یاقووت و مرواریم، بۆ هەژاران بەشکە
سبەی چوومە گۆڕ دەڵێم: بۆ کێ کردم؟
چەوتی چ تێشوێک بوو کەمن بۆ ڕێ بردم

چی کردم بۆ دنیا خۆ بەفریام ناگا
سبەی بێ چاگەیەک کەمن لەجێ مردم
ڕوونە دەمرم، ڕۆژێ، با نێستا بێ غەم بم
بێ غەمم کاتێ دوور لەژەهراوی تەم بم

پاش ڕزانی لاشەم ناوێتەی نێو خۆڵم
بۆ ترساوی تۆزو تاریکی نێوتەم بم
شەو کەڕێی خەون بێ، ڕاوچی نەم شەوەمە
پۆلی دوور لەدنیا، دۆستی نەم ڕەوەمە

کەوا بەرەی دنیا گۆشەگیری خەوبن
بۆچی سست و خاوم، لەگڕ نەم خەوەمە
کە گشت لەحزە نەجەل چاوی لەمن و تۆبێ
نرخی چییە، پولی دنیا لامان کۆبێ

هاودەمی نەم هەموو ڕەزە بە نێمەچێ
کە دنیا بەبوونمان دۆستێکی نامۆبێ

وێنەی (دوازدەهەم)

بچینەوەلای نەو باڵندە دەنوک بەخوێنەی
کەوتنیشی هەر فڕینە
با نەو لەشکرە بدۆزینەوە
دۆڕانیشی هەر سەرکەوتنە

ئاڵاکەم نەخشین کەم بەسەر باڵاکەم با
ڕەنگم بە ڕەنگی نەو ئاڵ و واڵاکەم با
لێوم سوور، قژم زەرد، قەد و باڵام سەوز
خۆزگە جوانی من وەک جوانی ئاڵاکەم با

لەت لەتم قوربانی یەک لەتت بێ دڵم
دنیای فیدای یەک خاک و خەتت بێ گوڵم
چوار خورپەی لە دڵێکا ڕاستە نیشتمان
قوربان، سەدجار قوربانی پەتت بێ ملم

باڵێکم نیشتمان نەویتر مەرگم بۆی
خاکم ڕووتە بێ من پۆشاک و بەرگم بۆی
نەی نیشتمان کوامن؟ یارو دۆستم هەبووە
تاکە خۆشەویستی نێودڵ و جەرگم تۆی

تا ئازادبێ زێدم، من تێ دەکۆشم بۆی
سەربەستی دەرمانە، بۆیە نەخۆشم بۆی
خەڵات بن بۆی یارو نەیارانی ڕێگەم
نەوەک هەردوژمنم، بگرە بەخۆشم بۆی

خۆگەر هەرنەبێ(با) کێ دەم هێنێ و دەم با
خاکم هەر نەبایە نەگەر جارێ بەم با
دەمگوت: نیشتمانم بریابا هەریەک بای
خاکی چوار پارچەی چی، سەد خۆزگە هەرنەم با

من لەخۆڵی خاکم، یا خاکم لەخۆڵمە
هی کام خاک پەرستە نەو خوێنەی لەقۆڵمە
لەوە سەرگەردانم سبەی خوێنم ڕژا
من لەکۆڵی خاکم، یاخاکم لە کۆڵمە

بڕوێنە لەدڵما عەشقی زنجیرو کۆت
بەڵکە زێتر گیانم بێ بە قوربانی خۆت
نەی نیشتمانی بێ لاوک و حەیرانم
تۆ نازانی من چەند شێت و حەیرانم بۆت

هەڵڕژا بیلبیلەی ڕەشتاڵی خەو، بۆیە
شۆڕشی ڕەیحانەو نێرگزو شەوبۆیە
دەزانم نیشتمان جەستەت پڕ لەزامە
نێشک گری نەتۆم، من هەموو شەوبۆیە

کاممان ناشقترین، من بەمەجنوونم گوت
سەدانی وەکو تۆو لەیلا لەچوونم سوت
سەرکێوی نیشتمان جمەی هات لە هەڵۆ
کەمنی چاوشەهێن هارکاف و نوونم گوت

نەی هەڵۆی باڵ نەخشین، نەخشین کەنەم خاکە
ڕوو لە تۆیە ناسمان، بێ فڕکەت غەم ناکە
چاو، نەم شۆڕشگێڕەش خۆ چاو لەتۆدەکا
تیشکی نەم چاوانەت دەجارێ بەم داکە

من دەوردراوی داوی لوغم و مینم
نەگیرۆدەی نەبرۆ و پەرچەمی چین چینم
من مەمم، نالۆدەی زولفی تۆم نیشتمان
بە خودا کەم قەسەم مەرتۆی خاتووزینم

لەژوانگەی ناشقان گوایە مەرمن دیارنیم
لەگەڵ یاری گوڵدا خاون یەک بڕیارنیم
چونکە نیشتمانم لا نازیزترە لەو
مەربۆیە من لەنێو خورپەی دڵی یارنیم

دەڵێم: سەرم لەنێوخاکی باوکە ڕۆنێم
مەوالّت ناگا، خۆ جارێ من بەخۆنێم
چەند دوورم لەسەرلوتکەو سینەی خاکت
دەمێنده لەچاوما نزیکی نەتۆ لێم

خۆشەویستم گوتی: پلەداری گوڵم
دەپێ بنێ بەنێو نیشتمانی دڵم
چۆن شۆڕشی عەشق بەرپاکەم نەزیزم
کە داگیرکراوە نیشتمانی گوڵم

ڕەنگم مەرلەڕەنگی سوورو ڕەشتە
گەڵارێزانە ڕووم، چونکە خەزان بەشتە
نەو خوێنە سوورەی لەبازووم کەسوور دەخوا
زادەی کوڵ و گڕی چەند سالّەی ناتەشتە

نیشتمان بەسووتت دەسوتێ دەروونم
دادەگرسێ باڵام، خەڵوزە هەربوونم
کورەیێ سازەکەم بۆ ئاگر پەرستان
ئاگر بەرداتە نێو زیندانی بەربوونم

شەوێ لەخەوما وەک مەلان باڵم دەگرت
ڕووم کەوتەوە وەتەن، من ڕێی ماڵم دەگرت
ڕاوچی بووم لەپێ دەشتی کوردستانەکەم
دوژمنی درندەو ملی داڵم دەگرت

لەباوەشی تۆبووم، تۆش لەباوەشم بووی
ڕوونی نەم چاوەم بووی، بیلەی نەوچاوەشم بووی
بیری باڵای یارم کرد چونکم نیشتمان
تۆ ئازیزترینم، بازووی کاوەشم بووی

دوور لەتۆ شەوێکم ئاسا نەدەڕۆیی
نەوەی ڕۆیی، ڕۆیی هەر بەسەرە ڕۆیی
بێ پیاسەی دەم کانی و گەشتی کەژو کێوت
هەریەک ساڵی خشت لەعومرم بەدەڕۆیی

شەڕگەیە، تێ نەگەی کە دیلانە، نەچی
نهێنی کەشفی نەم پیلانە بەچی
بۆ ڕاوی فیلان چووم، کەبینیم پێکەنیم
نێوشاری میرووولە وردیلانە کەچی

گوللە گڕ، دەردەکەم بۆچی دەواناکەی
نیشتمانم بۆچی ساریژی ڕەواناکەی
گوللەکەت پێکە من لەجێی نیشتمان
باگیانی من نازاد بێ تۆ کەواناکەی

نەوینت شمشێرێ بەڕووی من هەڵ نەدا
هەربەم شمشێرەوە سەری من پەل نەدا
خوێن و کاسەی سەرم دەنێتە دەست دوژمن
گیانی باڵ گرتووشم بەسینەی گەڵ نەدا

چەندی بۆ باڵاکەت ووشەی سوورم چنی
لەنێو دڵم کەچی نەمێستاکەش وونی
خۆشەویستی تۆ دەریایێ بوو نیشتمان
بەم هەموو مەلەوانەش نەگەیەم بنی

عەشقی تۆ دەم کوژێ ڕۆژێکە بێ شکم
ناگر بەر نەداتە چەم و باغی نەشکم
بۆیە هێند تامەزرۆی نەو سێدارەم دەڵێم:
خوێنم نەخشینترکا سووری نالاّت بەشکم

لەدوور دەنگی نەرمی نەی و تارم بۆدێ؟
واتێ دەگەم من سوور گوڵی پارم بۆ دێ؟
لەنێو نامێزی نیشتمانەکەی خۆمدا
بەرەو پایتەختی دڵ، تازە یارم بۆ دێ؟

هاتمەوە نیشتمان دەمگوت: نانوم نەنێ
تاکو یار هەردوو دەستی لەملم نەنێ
دوژمنم نەیاری نەوینە چوزانم
لە بازووی تۆ پەت لەملم نەنێ

نیشتمانم مشتێکی توندبوو، لەمە ڕۆیشت
کردیانە پێنج پەنجە، هەرپێنج پەنجەشیان کرۆشت
نێو لەپیان شەق کردو شادەماریان پساند
تا نەرمە نێسک و گۆشت و خوێنیشیان فرۆشت

نێرگز گوتی: باغێکم دەوێ گوڵ ڕەنگ بێ
بەجریوەی بولبولان پڕ بەزم و ناهەنگ بێ
بۆ باغی وەتەنم نەی من چ بخوازم؟
کەهەرچوارلای تۆق کراوی درکی جەنگ بێ

گەلان بەهیوا گەین، چیت بۆ بکەم گەلەکەم
باری غەمی دیلیت هاتۆتەسەر کەلەکەم
نازادیت لەقومێ ژەهری ڕەش بێتەدی
دەبێ بۆ چێژی نەم ژەهراوە پەلەکەم

هەر ڕۆژەی پۆلێ قەل بۆ وەتەنم دەفڕن
من پەڕەموو چەو نەوان گیانم لێ دەکڕن
گەنم نەنێمە دەمیان هەر ڕووم وەرگێڕا
بەڕەوە دێن و لەلانە سەرم دەبڕن

دەسکی نەو خەنجەرەم بە نەوینێ سڕە
لە نێو کاڵانەی خۆی دڵ ئارام و کڕە
مەورەدی دوژمن بۆ گیانم تیژی دەکەن
لەهەزری دەنێن دەسکی بێ بڕوات ببڕە

خوێنم شەڕابی سەرمێزی خوێن مژان بوو
گیانم نێچیری تەڵەی مرۆ کوژان بوو
فریشتەی گیای کێش کەبەسەر جەردانی دا
وەک من بەشی نەمانیش هەر خوێن ڕژان بوو

دەستی دڵم لەنێو قەفەسی دوژمن
گیری کەلەپچەیە لەسوژ و قوژبنا
کە قەدی قەف پسا بەردەبێتە گیانیان
بەس ناکا تادەشکێ نێسکێ لەگژمنا

جلێکی دڕاوی پڕ لەپینەو پەڕۆم
بەرەو دەرزی و داوی بەرگ دووری دەڕۆم
بەدڵێکی چوار پارچەوە، هەر دەڕۆم و
ناگەم بەتۆ، ناگەم بەکەس، ناگەم بەخۆم

گەڕیدەم گەرساتێ لەژین بارە بەربووم
مەحبووبی خوا بەجێ پێی تۆچارە سەربووم
پیرۆزە خاکم گەرچی شەقی چوار لەتە
وولاتم بوونمە، بێ خاک من بێ سێ بەربووم

دامپۆشن بەوخاکەی بۆی بوومە خاک و خۆڵ
گیانم دەرچوو لەڕێی بوومە دەشت و دۆڵ
پێی بڵێن: هەڵگرێ نازم لەباوەشی
خۆ عومرێکی ڕێک بوو نەوم دابوو بەکۆڵ

لەبێ باڵی هەڵۆی چیانشینم
بۆلانەی گەلم لەگەرمەی دارتاشینم
لەمان و مردنی نەم شەڕە دەنووکە
دەنووکی شاکۆترێکی پەڕووباڵ شینم

گریام و نەشک و خوێن بەسەر سینەم ڕژان
زار لەنێو دەمم پچڕاو گیانم هاتەژان
نەو چۆلەکەی دوێنێ کەوتە تەڵەی ڕاوچی
لەپڕێکا نیمرۆ ناخ و دڵمی هەژان

لە بۆسەی پڕ لەسۆی خاکا تیروکەوان
ترازاو چرنوکی هەڵۆی شومی کەوان
چاوی سەنگەری بەست کۆتری دڵ سپی
لەگەروی چەکی دەرهێنا گولەو قەوان

لەخاکی بێ شوانان مافان زەوت دەکرێ
گرەوی نازادی لەسەر نەوت دەکرێ
ژیان سەراپا سەراو ژێرە نەمێستا
چی دەبینی کە پێت ڕاستە چەوت دەکرێ

ناو جولاّ، ماسی گوتی: دەنگی قرِش دێ
لەمەفتەنم بۆکوێ تازە ڕۆژی مەش دێ
قازوقولینگ فڕین و دواین کۆچیان کرد
لەنێو نەم دوورگە، بەس دەنگی قەڵەڕەش دێ

سەربازێ لەجەنگدا بەرەوپیلی حەق چوو
دەست بەچەکی چاکی لەگەڵ ڕێژنەی شەق چوو
لە دیرۆکی شەڕدا پایەی نەفسانەی برد
وەکو عومری لەق لەق، هەر بەلەقەلەق چوو

فەرماندار دەبێ تێکەڵ بەگەل بێت
دەبێ فەرمانی ماف و دادی لەگەڵ بێت
شوانی گورگ دڕوخۆشەویستی ڕان بێ
گەلە دەبێ خاوەن خۆی بێ، نەک گەل مێگەل بێت

یارهات لەڕووی منداء شین و واوەیلی کرد
گلەی لەعەشق و منی بێ مەیلەی کرد
تازە تۆ عەشقی خۆت بۆ من بەیان دەکەی
کەوا دوژمن سەدان مەجنونی و لەیلی برد

من خۆشەویستی تۆ بەعەشقی یار نادەم
بۆیە نەوەک شەوێ سەری پێکێ بادەم
من نەتوانم کە تۆ خەوتی، نەی نشتمان
لێفی نازادی بەسەر خاکی تۆ دا دەم

کەچووە بۆکۆشی یار عەشقی لەم ناوەش نا
هاتم سەرمەستانە خاکم لەباوەش نا
چاوێکم گریا بۆ لەتێ لەم چوار پارچە
کەزامێکی کەم دی نەشکم لەم چاوەش نا

مەیگێڕلادە بادەی تاڵت لەبەر دەمم
خۆمەی دڵ پەستان نیە خۆراکی ژەمم
بەپێکێ لە خۆڵی نیشتمان مەستەبم
دڵ دەگریا شەوێ هاو بەبایدا بادەی

یار لەگەڵ سەرمەستان بۆ شەوێ لانادەی
ووتی: سەرمەستم من بەبادەی نیشتمان
لەخانەی ئازادی دەست بەپێک و بادەی
تاوانە مەی نۆشی، کەمەی سەرمەستم کا

لەبیری نیشتمان تاوێ دەربەستم کا
نەو خەیاڵەشم پێ مەیە ڕوو لەیارە
دەیەوێ ساتێ لەتۆ دوورە دەستم کا
گوایە مەستی یارە جەستە یان لەخاچ برد

بۆ نازادی هەنگاو زنجیریان لەقاچ کرد
تێ گەین تامەزرۆی یارە، نەیان زانی
خاکی لەباوەش ناو دارو بەردی ماچ کرد
شەو یاری ناگرینی جەژنت دەبینم

لەنێوکراس پولەکان بەژنت دەبینم
کەدەستی ناحەز منی لێت کرد نیشتمان
پێم گوت: تۆکەی پیاوی من بەژنت دەبینم
هاو جەنگانم شەڕتان دەبا لەم هۆبەبێ

سەروەری گەلانن نەگەر بەم نۆبەبێ
تۆ بەکاری دڕکن لەسەردەستی گوڵان
کافری دەم تاڵن گەر بەم تۆ بەبێ
لەپێناوت بۆ کەس سەرم دانەنەواند

سەری نەیارانی سەرسەختی تۆم کەواند
کەسەریان پەڕاندم لەڕێگەت نیشتمان
جگە لەخاکەکەت کەس سەرمی نەحەواند
دەڵێن: ماسی دوورخەن لەنێو جۆگە ناوێ

ناژی گیانەدا تا مردن پەل نەهاوێ
وەتەی گوێم لێ بووە ناوێرم نیشتمان
لە دەریای نەوینت دوورکەومەوە تاوێ
عەشقی شیرین بێ فەرهاد لەناخی دەروون

تاپێی دەگا دەبێ کونکا کێوی بێستون
بۆ عەشقی نیشتمان کێوی دنیام کون کرد
دڵ و خاکم کەچی هەریەک بۆ لایێ چوون
لەبەر پێما نەشکی دنیات بۆ هەڵڕشتم

گوتت: شەهیدی عەشقم تۆ خوێنت ڕشتم
کوا من واخوێن ڕێژم کە خوێنی تۆ خوێنمە
سەیری جێگە قامچی چەندین ساڵەی پشتم
گەرووم ووشک دەبوو کەدەست شەتەک بایە

کانیاوێکی نیشتمانم لەتەک بایە
خەونەکە نەمدەزانی لەم غەریبیە
مالم لەژێر تەرزەو ژوورم لەتەک بایە
دەیگوت: خۆشەویستم یەک دڵ و باوەڕین

شەم و پەروانەکەی نێوعەشقی ناورین
وتم: حەیفە گوڵم لەنێوباغی نەوین
هەردوو با لەڕێگەی نیشتمان هەڵومرین
خاکی تۆم خۆش دەوێ بەخودا نیشتمان

چونکم کەژوکێوت بۆتە پەناو پشتمان
دڵم نایە گوڵێکی سوور بقرتێنم
کەوا ناو دراوە بەخوێنی گشتمان
بکوتە دەف لەدەست، تا لەپت سوورە چێ

بیرت لەلای یارو سەرمەستان دوورەچێ
کەخوێنی سوورت دی، تاهۆشێکت بەلای
نیشتمانی ژێردەستەی بێ سنووورەچێ
هەڵبەست وان مەکە هێند باسی ڕووی نیشتمان

کەسەر نەوین ڕوو لە ڕووخساری گشتمان
نەت زانیوە هەرووشەیەک تۆ نووسیبووت
دڵۆپێ خوێن بوو، لەپێناوی ڕشتمان

شەهم بۆی گوتم: خۆزگە پەروانەبام
بەد سەدتم دی گوتم: بریا دێوانەبام
نالەی عاشقێ کە هاتە نێو گوێم گوتم:
خۆزگە من حەرفێکی سەر ئەولێوانەبام

چاپخانەی رۆشنبیری - هەولێر